HEARTLAND ALLIANCE INTERNATIONAL

# ڕێبەری ڕێنمایی  بۆ پۆلیسی نەوجەوانان

## بۆ باشتر جێبەجێکردنی یاسای چاودێری نەوجەوانان وپێوەره نێودەوڵەتیەکان بۆ مافەکانی نەوجەوانان

# دليل استرشادي لشرطة الاحداث

## لتطبيق الامثل لقانون رعاية الاحداث و المعايير الدولية لحقوق الاحداث

2018

HEARTLAND
ALLIANCE
INTERNATIONAL

## خشتەی ناوەرۆک


پێشەكی: ............................................................................................................ 2
بەشی یەكەم ........................................................................................................ 6
یەكەم : ئەركەكانی پۆلیس لە مامەڵەكردن لەگەڵ نەوجەوانان لە قۆناغی دەستگیركردندا: ................. 6
دووەم: مافەكانی نەوجەوانان لە بەردەم دادگای لێكۆڵینەوە و دادگای نەوجەوانانەدا: ......................... 12
سێیەم: دانانی نەوجەوانان لە دامەزراوەكانی چاكسازیی : ................................................... 13
چوارەم : گرنگترین مافەكانی نەوجەوانان لە ماوەی مانەوەیان لەناو چاكسازییەكاندا: ..................... 13
پێنجەم: پێوەرەكانی مافەكانی مرۆڤ سەبارەت بە دادوەریی نەوجەوانان : ................................ 14
شەشەم: كۆمەڵێك ڕێنمایی بۆ كارمەندانی پۆلیس لە كاتی مامەڵەكردنیان لەگەڵ نەوجەوانان بەپێی پێوەرەكانی مافەكانی مرۆڤ: ........................................................................ 15
بەشی دووەم: ....................................................................................................... 17
پاشكۆكان ............................................................................................................ 17
پاشكۆی ژمارە (1) ................................................................................................ 18
ڕۆڵی لایەنە فەرمیی و نا فەرمییەكان بۆ زامنكردنی دادوەریی نەوجەوانان ............................... 18
پاشكۆی ژمارە (2) ................................................................................................ 23
چوارچێوەی یاسایی بۆ دادوەری نەوجەوانان ............................................................ 23
پاشكۆی سێیەم: .................................................................................................... 31
كلێشەی فۆرمی سكاڵانامەی نەوجەوانان ................................................................... 31

## پێشەکی:

ڕێکخراوی هارتلاند ئەلایەنسی نێودەوڵەتی بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمسێۆنی ئەوروپا، پرۆژەیەکی ٢٤ مانگی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پەیمانگا دادوەریەکان لە عیراق و هەرێمی کوردستاندا جێبەجێدەکەن، لە ریگەی پاڵپشتی گەیشتن بە دادپەروەری هەروەها باشترکردنی بارودۆخی گرتووخانەکان.

بۆ ئەم مەبەستە هارتلاند ئەلایەنس کاردەکات بۆ باشترکردنی چوارچێوەی نیشتمانی بۆهاوکاری یاسایی دادوەری نەوجەوان بۆ ئەوەی هاوتا بێت لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتیەکان و یاسا نیشتمانیە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە نەوجەوانانی لادەرلەگەڵ یاسا، هەروەها پاڵپشتی گەیشتن بە دادپەروەری بۆ گرووپە لاوازەکان، لە نێویاندا منداڵان و نەوجەوانانی لادەر لە یاسا.

زاراوەی نەوجەوانانی ناکۆک لەگەڵ یاسادا ئاماژەیە بۆ ئەو نەوجەوانانەی تاوانی بچوک (کەتن)یان ئەنجامداوە (جانحین) و (١١) ساڵییان تەواو کردووە و (١٨) ساڵییان تەواونەکردووە ،کە ئەوەش تەمەنی بەرپرسیارێتی یاساییە بەپێی یاسای دیارییکردنی تەمەنی بەرپرسیارێتی تاوانکاریی لە هەرێمی کوردستان ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠٠١. هەرچەندە تەمەنی نەوجەوان لە عیراقدا ٩ ساڵ بۆ ١٨ ساڵ دەگرێتەوە بەپێی ماددەی (٣) لە یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە (٧٦) بۆ ساڵی(١٩٨٣) ، بەم پێیە بەرپرسیارێتی تاوان ناکەوێتە ئەستۆی ئەو منداڵانەی کردەوەیەک ئەنجامدەدەن بەدەر لەو تەمەنەی لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە، هەروەها لە هەرێمی کوردستاندا داوای سزایی بەرزناکرێتەوە لەسەرکەسێک کە لەکاتی ئەنجامدانی کردەوە تاوانکاریەکە ١١ ساڵی تەواو نەکردبێت.

ژمارەی ئەو نەوجەوانانەی کە کەتن (تاوانی بچوک)یان ئەنجامداوە و چونەتە ناو سیستەمی دادوەریی نەوجەوانان بە شێوەیەکی فەرمی لە عێراق لە ماوەی هەر یەك لە ساڵانی ٢٠١٤ و٢٠١٥ و ٢٠١٦ و ٢٠١٧ لە نێوان ٢٠٠٠ بۆ ٢٤٠٠ نەوجەواندایە بە نزیکی، بەڵام لە هەرێمی کوردستان ژمارەکە لە نێوان ٣٠٠ – ٤٠٠ نەوجەواندایە.

بەئامانجی پەرەپێدانی هۆشیارکردنەوەی یاسایی کارمەندان لە دامەزراوە تایبەتەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ ( بە تایبەتی پۆلیسی نەوجەوانان) لەسەر پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و ئەو یاسا نیشتمانییانەی پەیوەندیدارن بە نەوجەوانانی لادەرەوە هەروەها بەهێزکردنی دەرفەتەکانی گەیشتن بە دادپەروەری بەبێ بەکارهێنانی هیچ خراپ مامەڵەکردنێک وئاسانکردنی پێشکەشکردنی هاوکاری یاسایی بە نەوجەوانان و زامنکردنی توانای پەیوەندییکردنیان بە کەس و کاریانەوە بەجۆرێک ڕێوشوێنەکانی دیاریکردنی چارەنوسیان لە رووی یاساییەوە ئاسان بکات، ئەم ڕێبەری ڕێنماییە ئامادەکراوە بۆ ڕوونکردنەوەی بنەما نمونەییەکانی شێوازەکانی مامەڵەکردنی هێزەکانی پۆلیس لەگەڵ نەوجەواناندا.

ئەم ڕێبەرە بەرهەمی زنجیرەیەک کۆبونەوەی یەک لەدوای یەکە بە بەشداری نوێنەرانی هەریەک لە وەزارەتەکانی ناوخۆی عیراق و وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە

HEARTLAND ALLIANCE INTERNATIONAL

عیراق، سەندیکای پارێزەرانی عیراق، ئەنجومەنی باڵای دادەوری، ڕێکخراوی یونسێف و نوێنەرانی ڕێکخراوە هاوبەشەکان بە سپۆنسەریی ڕێکخراوی هارتلاند ئەلایەنسی نێودەوڵەتی ئامادەکراوە لە چوارچێوەی پرۆژەی ***پاراستنی داهاتوو: چاکسازی دادوەری نەوجەوانان لە عێراق*** ، کە لەلایەن کۆمسیۆنی ئەورووپاوە پاڵپشتی دارایی دەکرێت.

بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە تاڤگە رووف، ڕێکخەری پرۆژە(taziz@heartlandalliance.org) یان صلاح صدیق، بەڕێوەبەری بەرنامەی عیراق (sbarzngy@heartlandaliance.org)

**ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە** بریتیە لە:

- زامنکردنی پاراستنی نەوجەوانان لە خراپ مامەڵەکردن لە قۆناغی لێکۆڵینەوە و ماوەی ڕاگرتن بەر لە دادگاییکردن.
- کارکردن لەگەڵ لیژنە تایبەتەکانی خێزان و ژنان و منداڵان لە پەرلەمانی عیراق و کوردستان بە ئامانجی هەموارکردنی یاسای چاودێری نەوجەوانان وداڕشتنی یاسای نوێی منداڵ.
- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری هاوکاری یاسایی و خزمەتگوزاری تەندروستی دەروونی بۆ نەجەوانانی لادەر.
- ڕێکخراوی هارتلاند ئەلایەنسی نێودەوڵەتی و هاوبەشەکانی لە دامەزراوە نیشتمانیەکان لە ماوەی ئەم پرۆژەیە کاردەکەن لەسەر بونیادنانی توانای دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و ئەندامانی لێکۆڵەری دادی وتوێژەرانی کۆمەڵایەتی لەرێگای جێبەجێکردنی ئەم چالاکیانەی لەی خوارەوە:
  - جێبەجێکردنی ڕاپرسیەک لەرووی چەندێتی و جۆریەوە لە بواری دادوەری نەوجەوانان.
  - پێشنیارو ڕاسپاردە و دەرەنجامەکانی ڕاپرسیەکە دەبێتە یارمەتیدەر بۆ پێشنیارکردنی سیاسات و ڕێوشوێنەکانی و ڕێبەری ڕێنمایی پێویست بۆ جێبەجێکردنی سیستمی جێگرەوەکانی سزا، کەمکردنەوەی پەنابردن بۆ دەستگیرکردن.
  - بنیاتنانی توانای دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و توێژەرانی کۆمەڵایەتی و ئەندامانی بەردەستی دادوەری (اعضاء ضبط القضائی).
  - پێشکەشکردنی پێشنیار بۆ سیاساتی گشتی و ڕێشوێنە دامەزراوەییەکان بۆ پاراستنی نەوجەوانان لە پشتگوێخستن و خراپ مامەڵەکردن.
  - ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی نامیلکەی پێناساندن لەژێر ناوی مافی خۆت بزانە، ئامانج لێی بریتیە لە هۆشیارکردنەوەی منداڵان و کاسوکاریان بە ماف و ئەرکەکانیان لە ڕێگای مامەڵەکردنیان لەگەڵ لایەنەکانی لێکۆڵینەوە ودادوەری.
  - باشترکردنی هەلی گەیشتن بە دادپەروەری هەروەها باشترکردنی کوالیتی نوێنەرایەتیکردنی یاسایی کە لە لایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پارێزەرانەوە پێشکەشدەکرێن.

HEARTLAND ALLIANCE INTERNATIONAL

**کاریگەریەکان:**

**لە ماوەی 24 مانگی جێبەجێکردنی پرۆژەکەدا، ڕێکخراوی هارتلاند ئەلایەنس و هاوەڵە هاوبەشەکانی کاردەکەن بۆبەدەستهێنانی ئامانجەکانیان لە ڕێگەی:**

- بەرزکردنەوەی چەند ڕاسپاردەیەک بۆ لایەنە تایبەتمەندە پەیوەندیدارەکان بە ئامانجی چاکسازیکردن.
- پەرەپێدانی توانای دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و توێژەرانی کۆمەڵایەتی و لێکۆڵەرەوانی داد.
- پێشنیارکردنی سیاساتی گشتی و ڕێوشوێنە دامەزراوەییەکان بۆ پاراستنی نەوجەوانان لە پشتگوێخستن یاخود خراپ مامەڵەکردن لە ڕێگەی ئامادەکردنی بەڵگە و پێشکەشکردنی بە دادوەران و کارمەندانی پۆلیسی نەوجەوانان بە بەشداری دەستەبژێرێکی بەتوانا لە هاوبەشە فەرمیەکان.
- یارمەتیدان بۆ ئامادەکردنی پرۆگرامێکی تایبەت بە دادوەری نەوجەوانان بەجۆرێک بەکاربهێنرێت وەکە پرۆگرامی خوێندن بۆ دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی تایبەت بە بەدواداچوونی کەیسەکانی نەوجەوانان، ئەمەش لەلایەن دەستەبژێرێک لە کەسانی ئەکادیمی خاوەن شارەزایی و پسپۆری یاسایی.
- ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی نامیلکەی هاوڕێی مندال "مافی خۆت بزانە" کە ڕێبەرێکە بۆ منداڵان و باوانیان، بۆ باشتر کردنی هەلی گەیشتن بە ددپەروەری و چۆنێتی نوێنەرایەتی کردنی یاسایی لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومیەکان و پارێزەرانی تایبەتەوە، هەروەها دابینکردنی هاوکاری تەکنیکی بۆ پێداچونەوە و چاکسازی کردن لە یاسای نوێی منداڵان و داکۆکی کردن بۆ جێبەجێکردنی.
- بەشداری کارای ژمارەیەکی بەرچاو لە کارمەندانی بواری دادوەری نەوجەوانان لە گفتوگۆ دەربارەی نەوجەوانان بەشێوەیەکی گشتی و بە تایبەت لەبارەی بەرژەوەندی باڵا، شێوازەکانی خراپ مامەڵەکردن و هۆکارەکانی، ئەگەری جێبەجێکردنی جێگرەوەکانی سزادان لە دووتوێی یاسا کارپێکراوەکان لە ئێستادا، هەروەها ڕادەی گونجاوی لەگەڵ زەمینەی جێبەجێکردن.
- بەشداری پێکردنی دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ، نوێنەرانی وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی داد، پەیمانگەی پەرەپێدانی دادوەری هەموویان پێکەوە هاوکاربوون بۆ تیشکخستنەسەر ڕێژەیەکی زۆر لەو کێشە و گرفت و ئاستەنگیانە و هەوڵدان بۆ یەکخستنی هەوڵەکان لەسەر ئاستی عیراق.
- واژۆکردنی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لە نێوان هەردوو سەندیکای پارێزەرانی کوردستان و عیراق و کارپێکردنی، بۆ هاندانی پارێزەری ڕاسپێراو(منتدب) بۆ پاراستنی بەرژەوەندی باڵای نەوجەوانان و کاردکردن بە شێوەیەکی کاریگەر.
- بەشداری گروپی شارەزایان و پسپۆران لە ئامادەکردنی پرۆگرامی ڕاهێنانی ڕاهێنەران لە ڕاهێنانی دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی هەتا بتوانن لە چوارچێوەیەکی فراوانتردا کێشە و ئاستەنگەکان ببینن و کاری لەسەر بکەن ، بەشێوەیەک کە ڕەنگبداتەوە لە ناو ئەو پرۆگرامانەی ئامادەی دەکەن.

**ئەم ڕێبەریە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە:**

**بەشی یەکەم،** ئەرک و بەرپرسیارێتیەکانی کارمەندانی پۆلیسی نەوجەوانان، مافەکانی نەوجەوان لە سەرجەم قۆناغەکانی دەستگیرکردن، لێکۆڵینەوە، دادگاییکردن، قۆناغی دانانیان لەناو چاکسازیەکان بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان و یاسا نیشتمانیەکان هەروەها کۆمەڵێک ڕێنمایی تایبەت بە کارمەندانی پۆلیسی نەوجەوانان.

**بەشی دووەم،** بریتیە لە پاشکۆکان،

**پاشکۆی یەکەم:** ڕۆڵی لایەنە پەیوەندیدارەکانی ( فەرمی و نافەرمی) سیستمی دادوەری نەوجەوانان .

**پاشکۆی دووەم:** چوارچێوەی یاسایی بۆ دادوەری نەوجەوانان:

**یەکەم:** چوارچێوەی یاسا و بنەما نێودەوڵەتیەکان.

**دووەم:** چوارچێوەی یاسا نیشتمانیەکان.

**پاشکۆی سێیەم:** کڵێشەی فۆرمی سکاڵا

HEARTLAND ALLIANCE INTERNATIONAL

## بەشی یەکەم

ئەرک و بەرپرسیارێتی کارمەندانی پۆلیسی نەوجەوانان، مافەکانی نەوجەوانان بەپێی یاسا و بنەما نێودەوڵەتی و یاسا نیشتمانیەکان.

### یەکەم : ئەرکەکانی پۆلیس لە مامەڵەکردن لەگەڵ نەوجەوانان لە قۆناغی دەستگیرکردندا:

1- مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو نەوجەوانەی کە دەسگیردەکرێت وەك کەسێکی بێ تاوان کە تاوانی بەسەردا ساغ نەبۆتەوە و مامەڵەکردن لەگەڵیدا بەگوێرەی -دەستەبەرە یاساییە پارێزراوەکان[1].

2- ئاگادارکردنی ئەو نەوجەوانەی دەستگیرکراوە لەو تۆمەتانەی کە لە دژی ئاراستەکراون ، هەروەها مافی مانەوەی بە بێ دەنگیی[2].

3- پێشێل نەکردنی شکۆی نەوجەوانەکە و خراپ مامەڵە نەکردن لەگەڵی لە کاتی دەستگیرکردنیدا.

**بنەما-پرەنسیپەکە:** (پێویستە لەسەر کارمەندانی پۆلیس بە جۆرێک مامەڵە لەگەڵ نەوجەواناندا بکەن کە هەستکردنیان بە شکۆ و ڕێزیان پتەوتربکات وئاسانکاریی بۆ گەڕانەوەیان بۆناو کۆمەڵگە بکات و بەرژەوەندییە باڵاکانیان لەبەرچاوبگرێت) و ئەم پرەنسیپە ئاماژەی پێدراوە لە مادەی (1) ی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، و مادەی (37-جـ) لە ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ، و مادەی (8/أ) لە بنەما ئاراستەکراوەکانی دەستەبەرکردنی دادپەروەریی لەو بابەتانەی کە منداڵانی قوربانی تاوان و شایەتحاڵەکان لەخۆدەگرن.

**4- نابێت نەوجەوان دوچاری ئەشکەنجە یان ڕووبەڕووی بەکارهێنانی شێوازی بێ بەزەییانە ببێتەوە لە کاتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا و ناچارنەکردنی بە دانپێدانان[3].**

---

[1] بڕوانە مادەی (2/14) لە پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافە مەدەنی و سیاسییەکان کە تێیدا هاتووە (هەر تۆمەتبارێك مافی ئەوەی هەیە کە بەبێ تاوان لە قەڵەم بدرێت کاتێک تۆمەتێکی ئاراستە دەکرێت تا ئەو کاتەی یاسا تاوانەکەی بەسەردا دەسەپێنێت)، هەروەها بڕوانە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ /مادەی (11) بکە کە بەدەق تیایدا هاتووە (هەموو کەسێك کە تۆمەتبار کرابێت بە ئەنجامدانی تاوانێك بە بێ تاوان دادەنرێت تا ئەو کاتەی ئەنجامدانی بۆ ئەو تاوانە دەسەلمێندرێت لە دادگاییکردنێکی ئاشکرادا کە تیایدا هەموو دەستەبەرە پێویستەکانی بەرگریی لە خۆکردنی بۆ فەراهەم کرابێت.) و دەستوری هەمیشەیی عێراق مادەی (19 / پێنجەم): (تۆمەتبار بێتاوانە تا ئەو کاتەی لە دادگاییەکی یاسایی دادپەروەرانەدا تۆمەتەکەی دەسەلمێندرێت و تۆمەتبار جارێکی تر دووبارە لەسەر هەمان تۆمەت دادگایی ناکرێتەوە لە حاڵەتێکدا نەبێت کە دوای ئازادکردنی بەڵگەی نوێ دەربکەوێت) هەروەها بڕوانە بنەماکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە تایبەتن بە پاراستنی ئەو نەوجەوانانەی لە ئازادییان بێبەشکراون (پرەنسیپەکانی هاڤانا)/ (سێیەم)/ 17 کە بەدەق تیایدا هاتووە ( گریمانەدەکرێت ئەو نەوجەوانانەی دەستگیرکراون یاخود چاوەڕوانی دادگاییکردنن (ئەوانەی هێشتا دادگایی نەکراون) بێ تاوانن و لەسەر ئەو بنەمایەش دادگایی دەکرێن....) تەماشای مادەی (2/40/ب/ii) بکە لە ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ کە تێیدا بەدەق هاتووە ( گریمانەکردنی بێ تاوانیی منداڵەکە تا ئەو کاتەی بە گوێرەی یاسا ئیدانەکردنی دەسەلمێندرێت).

[2] بڕوانە مادەی ب (3/14/أ) لە پەیمانی نێودەوڵەتیی تایبەت بە پاراستنی مافە مەدەنیی و سیاسییەکان کە تێیدا هاتووە (تۆمەتبار بە خێرایی و بە ووردی و بە زمانێکی سادە لە سروشت و هۆکارەکانی ئەوتۆمەتەی ئاراستەی کراوە ئاگادار دەکرێت ، بڕوانە مادەی (1) لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ بکە کە تێیدا هاتوە (هەمووان بە ئازادیی لە دایك دەبن و یەکسانن لە شکۆ و مافەکانیاندا و ئەقڵ و ویژدانیان پێبەخشراوە و پێویستە بە گیانێکی برایانە مامەڵە لەگەڵ یەکتری بکەن.

[3] بڕوانە ڕێکەوتننامەی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەدان و هەر جۆرە شێوازێکی مامەڵەی خراپ و سزای توند و نامرۆڤانە یان شکۆشکێن. هەروەها بڕوانە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لە مادەی (5)دا هاتوە ( نابێت هیچ کەسێك ملکەچ بە ئەشکەنجەدان یا مامەڵە و سزای توند یا نا مرۆڤانە یان و شکۆ شکێن بکرێت) . تەماشای مادەی (7) بکە لە پەیمانی نێودەوڵەتیی بۆ پاراستنی مافە مەدەنیی و سیاسییەکان کە تێیدا هاتووە (نابێت هیچ کەسێك ئەشکەنجە بدرێت یا خراپ مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و سزای توند یا نا مرۆڤانە بدرێت و شکۆی بشکێندرێت و نابێت هیچ تاقیکردنەوەیەکی پزیشکیی یا زانستیی بەبێ ڕەزامەندیی خودی کەسەکە لەسەری ئەنجامبدرێت) هەروەها لە مادەی (37/أ) لە ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ بڕوانە کە تێیدا هاتووە ( نابێت هیچ منداڵێك ئەشکەنجە بدرێت یاخود بە شێوەیەکی توند مامەڵەی لەگەڵ بکرێت یا سزای توند و نامرۆڤانە بدرێت و شکۆی بشکێنرێت، نابێت سزای لە سێدارەدان یا بەندکردنی هەتاهەتایی بەسەر ئەو کەسانەدا بسەپێندرێت کە تەمەنیان لە 18 ساڵ کەمترە بەبێ هەبوونی ئەگەری ئازادبوونیان).

**پرەنسیپەکە :**پەیڕەوکردنی هەر شێوازێك لە شێوازەکانی ئەشکەنجەدان یان خراپ مامەڵەکردن بەرامبەر بەهەر مرۆڤێك قەدەغەدەکات، وئەم پرنسیپە ئاماژە دەکات بە رێککەوتننامەی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەدان و هەر شێوازێکی تر لە شێوازەکانی هەڵسوکەوت یان سزادانی بێ بەزەییانە و نامرۆڤانە و شکۆشکێن ،هەروەها لە ماددەی (5) لە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ  وماددەی (7) لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان و ماددەی (37/أ) لەرێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ.هەروەك لە ماددەی 19/ دوانزەیەم / ب وماددەی 37/ یەکەم /ج لە دەستوری هەمیشەیی عێراق بۆ ساڵی 2005 و ماددەکانی 332 و 333 لە یاسای سزادانی عێراقی .هەروەها هەردوو ماددەی 127 و 218 لە یاسای  بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی عێراقی (قانون اصول المحاکمات الجزائیة العراقیة).

## 5- یەکەم پەیوەندی:

لە پاش دەستگیرکردنی هەرنەوجەوانێك، پۆلیس دەستبەجێ دایك و باوکی یان سەرپەرشتیارەکەی ئامادە دەکات ئەگەر ئەم ئاگادارکردنەوە دەمودەستە ئەنجام نەدرا، ئەوا پێویستە دایك و باوك  یان سەرپەرشتیارەکە لە کەمترین ماوەدا لە پاش دەستگیرکردنی  ئاگاداربکرێن [4].

**پرەنسیپەکە:** (دایك و باوك یان سەرپەرشتیار مافی ئامادەبوونیان هەیە لە رێوشوێنەکانی دادگاییکردندا  و نەوجەوانەکەش مافی ئەوەی هەیە دەستبەجێ سەرپەرشتیارەکەی ئاگاداربکاتەوە لە دەستگیرکردنی و هۆکارەکانی دەستگیرکردنەکە وهەروەها شوێنی بەندکردنەکە. لەمەوە، لەسەر پۆلیس پێویستە هاوکاری سەرپەرشتیار بکات بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ نەوجەوانەکە و رێگەپێدانی بۆ ئامادەبوون لە دانیشتنەکانی لێکۆڵینەوە کە لەگەڵییدا ئەنجامدەدرێت  لە لایەن لێکۆڵەرانی پۆلیس.

## 6- ئاگادارکردنی نەوجەوانی دەستگیرکراو و کەسوکارەکەی لە مافی بە بریکارگرتنی پارێزەر[5].

**پرەنسیپەکە:** (مافی بەرگریلێکردن پارێزراوە بۆ نەوجەوان لە هەموو قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەدا، و پێویستە لەسەر پۆلیس نەوجەوانەکە و کەسوکارەکەی ئاگاداربکەن لە کاتی دەستگیرکردنی و لێکۆڵینەوەی سەرەتایی لەگەڵیدا لە بنکەی پۆلیس هەروەها مافی بەبریکارگرتنی پارێزەری هەیە بۆ بەرگریلێکردن لێی لە هەموو قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە ودادگاییکردندا. ئەم پرەنسیپە هاتووە لە ماددەی 19/ چوارەم لە دەستوری عێراقیی و ماددەی (37/د) لەرێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ و ماددەی (1/15) لە بنەما نموونەییەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دادوەریی نەوجەوانان (بنەماکانی پەکین - 1985).

## 7- پێویستە ئەو پۆلیسەی نەوجەوانەکە دەستگیردەکات تایبەتمەند بێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ نەوجەوانانداا[6].

[4] بڕوانە مادەی (2/15) لە بنەما نمونەییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان  بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری نەوجەوانان و (بنەماکانی پەکین– 1985) کە تێیاندا هاتووە (دایك و باوك یا سەرپەرشتیار مافی بەشداریکردنیان لە ڕێوشوێنەکاندا هەیە ودەسەڵاتی تایبەتمەند دەتوانێت داوای ئامادەبوونیان لێبکات بۆ بەرژەوەندی نەوجەوان،بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەتوانێت بەشداری پێکردنیان لە ڕێوشوێنەکاندا رەتبکاتەوە ئەگەرچەند هۆکارێك لە ئارادابن و وابکەن دورخستنەوەیان کارێکی پێویست بێت بۆ بەرژەوەندی نەوجەوانەکە).

[5] لە مادەی (19/ یانزە)ی دەستوری هەمیشەیی عێراقدا بۆ ساڵی 2005 هاتووە (دادگا پارێزەرێک دەستنیشان دەکات بۆ ئەو کەسەی کە تۆمەتبارە بە ئەنجامدانی تاوانێک یان کەتنێک کە پارێزەری نییە بەرگری لێبکات لەسەرخەرجی دەوڵەت) هەروەها لە بڕوانە مادەی (37 / د)  لە ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ کە تێیدا هاتووە ( منداڵی بێبەشکراو لە ئازادی مافی ئەوەی هەیە بە زووترین کات یارمەتیی یاسایی و هەر جۆرە یارمەتییەکی تر کە گونجاو بێت بەدەست بهێنێت، سەرباری تانەدان لەشەرعیەتی بێبەشکردنی لە ئازادیی لەبەردەم دادگا یا دەسەڵاتی تایبەتمەندی سەربەخۆ یاهەر دەسەڵاتێکی دیکەی بێلایەن لەگەڵ خێرا بەڕێوەچونی ڕێوشوێنە یاساییەکان)، بڕوانە مادەی (1/15) بنەماکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری نەوجەوانان (بنەماکانی پەکین - 1985) کە تێیدا هاتووە (نەوجەوان مافی ئەوەی هەیە کە بە درێژایی بەڕێوەچوونی ڕێوشوێنە یاساییەکان، ڕاوێژکارە یاساییەکەی نوێنەرایەتیی بکات یاخود داوا بکات دادگا بەبێ بەرامبەر پارێزەرێکی بۆ دابنێت).

[6] بڕوانە مادەی (1/21) لە بنەما نمونەییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری نەوجەوانان (بنەماکانی بەیجین – 1985) بڕوانە کە تێیدا هاتووە (ئەو ئەفسەرانەی کە زۆر مامەڵە لەگەڵ نەوجەواناندا دەکەن یا ئەوانەی کە تایبەتن بە مامەڵەکردن لەگەڵ نەوجەوانان یاخود ئەوانەی کە بە پلەی یەکەم ئەرکی سەرشانیانە ڕێگە لە تاوانی نەوجەوانان بگرن دەبێت ڕاهێنانی تایبەتییان پێبکرێت بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە کارەکانیان ئەنجامبدەن و هەروەها پێویستە لە شارە گەورەکاندا چەند یەکەیەکی تایبەتی پۆلیسی تایبەت  بۆ ئەو مەبەستە دابمەزرێندرێن.

**پرەنسیپەکە:** (پێویستە نەوجەوانی دەستگیرکراو لە لایەن پۆلیس ودەزگاکانی ئاسایشەوە ڕاستەوخۆ ڕەوانەی پۆلیسی نەوجەوانان بکرێت لەبەر ئەوەی لایەنی تایبەتمەندە لەوبوارە و تواناى جێبەجێکردنی ئەو ڕێکار و پێوەرانەی هەیە کە یارمەتیدەرن بۆ پاراستنی مافەکانی نەوجەوانی دەستگیرکراو) وئەم پرەنسیپە ئاماژەی پێدراوە لە ماددەی (48) لە یاسای چاودێریی نەوجەوانان ژمارە (76) بۆ ساڵی (1983) ی هەموارکراو[7].

## 8- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی لەگەڵ نەوجەوان لەلایەن پۆلیسی نەوجەوانانەوە ڕاستەوخۆ کاتی دەستگیرکردنی.

**پرەنسیپەکە:** أ- پێویستە فەرمانەکانی دەستگیرکردن لەلایەن پۆلیسی نەوجەوانانەوە ئەنجامبدرێت. ب- پێویستە کارمەندانی پۆلیسی نەوجەوانان ڕاهێنانی تایبەت وەربگرن بەشێوەیەکی پیشەیی تابتوانن ڕێگربن لەو پێشێلکاریانەی لەدژی مافەکانی نەوجەوانان ئەنجامدەدرێت. ئەو پرەنسیپەش لە مادەی (1/21)ی بنەما نموونەییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری نەوجەوانان (بنەماکانی پەکین– 1985) ومادەی (48) لە یاسای چاودێریی نەوجەوانان ژمارە (76)ی هەموارکراو بۆ ساڵی 1983 ئاماژەی پێدراوە.

## 9- دەبێت نەوجەوانی دەستگیرکراو بخرێتە بەردەم پزیشکی تایبەتمەند بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی بە توندوتیژیی جەستەیی و دەروونی[8] .

**پرەنسیپەکە:** پێویستە کارمەندانی پۆلیس نەوجەوانی دەستگیرکراو ببەنە بەردەم پزیشکی تایبەتمەند تا ئەویش لەلایەن خۆیەوە ڕاپۆرتێك سەبارەت بە سەلامەتی جەستەیی نەوجەوان بەرز بکاتەوە و گرنگە ئەو ڕاپۆرتە لە نێو پەڕاوەکانی لێکۆڵینەوەدا هەبێت و کاریگەرییەکەی لەسەر بەرپرسیارێتیی سزایی ڕوون بکرێتەوە کە ڕەنگە دەرەنجامی ناچارکردنی بێت بۆ دانپێدانان لەلایەن کارمەندانی پۆلیسەوە، ئەم پرنسیپە ئاماژەی پێدراوە لە مادەی (4) یاسای چاودێریی نەوجەوانانیشدا ژمارە (76)ی هەموارکراو بۆ ساڵی (1983) .

[7] بڕوانە مادەی (84) لە یاسای چاودێریی نەوجەوانان ژمارە (76)ی ساڵی 1983ی هەموارکراو کە تێیدا هاتوە (نەوجەوان لە کاتی دەستگیرکردنیدا دەستبەجێ ڕادەستی پۆلیسی نەوجەوانان دەکرێن لەو جێگایانەی پۆیسی نەوجەوانان هەیە تا ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە ئامادەیبکەن لە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە یان دادگای نەوجەوانان).

[8] بڕوانەمادەی (14) لە یاسای چاودێریی نەوجەوانان ژمارە (76)ی هەموارکراو بۆ ساڵی 1983 بکە کە تێیدا هاتووە (جیا لە حوکمەکانی بڕگەی (یەك) لە مادەی (12) لەم یاسایە ودەشێت نوسینگەی توێژینەوەی کەسێتی لە پزیشکانی سەر بە وەزارەتی تەندروستی پێکبهێنرێت کە وەزیر خۆی کاندیدیان بکات لەگەڵ چەند پسپۆڕێکی سەر بەوەزارەتی پەروەردە کە وەزیر خۆی کاندیدیان دەکات یاخود لەزانکۆوە بە کاندیدکردنی لەلایەن سارۆکی زانکۆوە بۆ سەرپەرشتیکردنی کاری نوسینگەکە لە پاڵ ئەنجامدانی کارەکانی خۆیان، کە سەرجەمیان بە فەرمانی وەزیری داد دادەمەزرێن.

**10-پێویستە پۆلیس دەستبەجێ نەوجەوانی دەستگیرکراو ڕەوانەی دادوەری لێکۆڵینەوەی نەوجەوانان بکات ئەوەش بەپێی مادەی 48 لە یاسای چاودێریی نەوجەوانان [9].**

| |
|---|
| **پرەنسیپەکە:** پەلەکردنی پۆلیس لە ڕەوانەکردنی دۆسیەکان بە شێوەیەکی خێرا دەبێتەهۆی ئاسان بەڕێوەچوونی ڕێوشوێنە فەرمیەکانی دۆسێی نەوجەوانان کە پێویستە ماوەی ڕەوانەکردنەکەی لە 24 کاتژمێر زیاتر نەخایەنێت ئەوەش لە ساتەوەختی دەستگیرکردنی نەوجەوانەوە. لە مادەی (19/سیانزە)ی دەستوری عێراق و مادەی (3/9) لە پەیمانی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافە مەدەنیی وسیاسیەکاندا ئاماژە بەوە دراوە. |

**11-نەپۆشینی جلوبەرگی سەربازیی یا هەڵگرتنی چەك بە شێوەیەکی بینراو لەلایەن کارمەندانی پۆلیسی نەوجەوانانەوە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا بەمەبەستی ڕێگەگرتن لە دروستبوونی هەر کاریگەرییەکی دەروونی لەسەر نەوجەوانان لە داهاتوودا**

**12- پێویستە کارمەندانی پۆلیسی نەواجەوانان ڕێز لە پێگەی یاسایی نەوجەوان بگرن:**

| |
|---|
| **پرەنسیپەکە:** گرنگترین ڕێوشوێنێك کە کارمەندانی پۆلیس جێبەجێی دەکەن بریتییە لە ڕێزگرتن لە بەرژەوەندیی باڵای یاسایی نەوجەوان ودوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی وشەی نەشیاو یان توندوتیژیی جەستەیی یاخود دەستبەسەرکردنی لە ژینگەیەکی مەترسیداردا چونکە ڕەنگە ئەو هەڵسوکەوتانە کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر نەوجەوان و تێڕوانینی بۆ دەوڵەت وکۆمەڵگا هەبێت بە تایبەت ئەگەر دواتر ئازاد بکرێت، چونکە ڕووبەڕووبوونەوەی نەوجەوان بە لێدان لەلایەن پۆلیسەوە وبە سۆندە لەسەر بەشە جیاوازەکانی جەستەی یاخودپەیڕەوکردنی ئەشکەنجەی دەروونیی و جەستەیی بەرامبەری و پەنابردنە بەر دەستدرێژیی سێکسیی وبەندکردنی لە شوێنی تەسك و لە بارودۆخێکدا کە هیچ خزمەتگوزارییە تەندروستییە سەرەکیەکانی تێدا نەبێت وگواستنەوەیان بەکەلەپچەکراوی بۆ چاکسازییەکان ودادگاکان دادەنرێت بە خراپ مامەڵەکردن و پێشێلکردنی شکۆی ئەو نەوجەوانە کە هێشتا لە دیدی دادگادا تۆمەتبارە. ئەم پرەنسیپە ئاماژەی پێدراوە لە مادەی (2/14)ی بنەما نموونەییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری نەوجەوانان (بنەماکانی پەکین – 1985) و مادەی (37/ج) لەڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ. |

[9] بڕوانە مادەی (19/سیانزە) ی دەستوری عێراق بۆ ساڵی 2005 کە تێیدا هاتووە (نووسراوی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی دەخرێتە بەردەم دادوەری تایبەتمەند لە ماوەیەکدا کە لە 24 کاتژمێر زیاتر نەبێت لە ساتە وەختی دەستگیرکردنی تۆمەتبارەوە تەنیا یەك جار دەتوانرێت ئەو ماوەیە درێژ بکرێتەوە وتەنها لەو ماوەیەدا. بڕوانە مادەی (3/9)ی پەیمانی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافە مەدەنیی و سیاسییەکان کە تێیدا هاتووە ( کەسی دەست بەسەرکراو کە تۆمەتبارکراوە بە تاوانێك بە خێرایی ڕەوانەی دادوەرێك یا فەرمانبەرێکی ڕێپێدراو بە پێی یاسا بۆ ڕاپەڕندنی کاروباری دادوەری دەکرێت و کەسی تۆمەتبار مافی خۆیەتی لە ماوەیەکی دیارییکراودا دادگایی بکرێت یان ئازاد بکرێت وناشێت دەست بەسەرکردنی ئەو کەسانەی کە چاوەڕوانی دادگاییکردنن ببێتە بنەمایەکی گشتیی، بەڵام دەکرێت ئازادکردنیان هەڵپەسێردرێت بە مەرجێك گرەنتی -دەستەبەری ئەوە بدرێت کە لە هەر قۆناغێکی ڕێوشوێنەکانی دادگاییکردندا بێت بێنە بەردەم دادگا لەگەڵ دەستەبەری جێبەجێکردنی حوکمی دادگا لە کاتی پێویستدا .

**13- پێویستە کارمەندانی پۆلیس ڕێز لە مافی نەوجەوان بگرن لە سەرجەم قۆناغەکاندا بە مەبەستی دوورکەوتنەوە لە هەر زیانێک کە ڕەنگە دووچاری نەوجەوان ببێتەوە لە ئەنجامی پروپاگەندەیەکی ناپێویست یاخود بەهۆی خستنە پاڵی هەر وەسفێکی تاوانکاریانە، هەروەها بڵاونەکردنەوەی هەر زانیاریەک کە ڕەنگە ببێتە هۆی ناسینەوەی ناسنامەی نەوجەوانەکە و تۆمارکردنی لەناو تۆمار و بەڵگەنامەکانی نەوجەوانان بەشێوەیەکی تەواو نهێنی ، ڕێگەنەدان بە هەرکەسێک بە بینینیان جگە لەو کەسانەی کە لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدەن .**

| |
|---|
| **پرەنسیپەکە:** گرنگی ڕێزگرتنی مافی نەوجەوان لە پاراستنی تایبەتمەندییەکەی لەلایەن کارمەندانی پۆلیسەوە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە نەوجەوانان بە تەمەن منداڵن وبە سروشت هەستیارن بەرامبەر ئەو وەسفانەی دەدرێتە پاڵیان ( لادەر، تاوانکار) ، هەروەها گرنگی پاراستنی نەوجەوان لە ئاسەواری ئەو زیانانەی بەریان دەکەوێت لە ئەنجامی بڵاوکردنەوەی زانیاری دەربارەی کەیسێک لە ڕاگەیاندنەکانەوە بەو پێیەی هێشتا تۆمەتبارن و هێشتا هیچ حوکمێک لە دژیان دەرنەچووە، ئاماژە بەم پرنسیپە دراوە لە ماددەکانی (8 و 1 و 2) لە بنەما نموونەییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری نەوجەوانان (بنەماکانی پەکین – 1985) و ماددەی (63/ یەکەم و دووەم) لە یاسای چاودێریی نەوجەوانان ژمارە (76) ی هەموارکراو بۆ ساڵی 1983. |

**14- ئاگادارکردنەوەی کەسی نەوجەوان بە زمانێکی سادە لەو تۆمەتەی کە ئاڕاستەی کراوە و ئەو بابەتانەی کە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا ئەنجام دەدرێت لەبارەیانەوە.**

| |
|---|
| **پرەنسیپەکە:** (پێوەرە نێودەوڵەتییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پێویستە کارمەندانی پۆلیس و ئەو کەسانەی لێکۆڵینەوە ئەنجامدەدەن بە زمانێکی سادە نەوجەوان لەو تۆمەتە ئاگادار بکەنەوە کە ئاراستەی کراوە لەگەڵ ئەو ڕێوشوێنانەدا کە دادوەر لە بەرامبەری دەیانگرێتە بەر). ئاماژە بەم پرەنسیپە دراوە لە بنەمای ژمارە (7) لەلایەنی کەمی بنەما نموونەییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دادگای نەوجەوانان (بنەماکانی پەکین – 1985) مادەی (3/4/أ) لە پەیمانی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافە مەدەنیی و سیاسییەکان و مادەی (50) لە یاسای چاودێریی نەوجەوانان ژمارە (76)ی هەموارکراو بۆ ساڵی 1983[10] . |

**15- پێویستە لەسەر کارمەندانی پۆلیس کەسی نەوجەوان دەستگیر نەکەن ئەگەر تەمەنی نەگەیشتبێتە 11 ساڵ، تەمەنی نەوجەوان لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا بنەمایە بۆ دەست نیشانکردنی بەرپرسیارێتییەکەی.**

| |
|---|
| **پرەنسیپەکە:** (پێویستە لەسەر دامەزراوە جێبەجێکاریەکانی یاسا و ئەو پۆلیسانەی کە فەرمانی دەستگیرکردن ئەنجامدەدەن نابێت نەجەوانێك ئامادە یان دەستگیربکەن یا لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا ئەنجامبدەن کە تەمەنی نەبوبێت بە 18 ساڵ) چونکە منداڵانی خوار ئەو تەمەنە هیچ بەرپرسیارێتیەکی تاوانکاری لەسەریان دروستنابێت لە ئەنجامی |

[10] بڕوانە مادەی (50) لە یاسای چاودێریی نەوجەوانان ژمارە (76) ی ساڵی (1983) ی هەموارکراو کە تێیدا بە دەق هاتووە (دەکرێت لێکۆڵینەوە ئەنجامبدرێت بەبێ ئامادەبوونی نەوجەوان لەو تاوانانەدا کە پەیوەندیدارن بە ڕەوشت و ئادابی گشتییەوە ە بە مەرجێك لە کاتی لێکۆڵینەوەدا کەسێك ئامادە بێت کە مافی هەیە بەرگری لێبکات و هەروەها پێویستە دادگای لێکۆڵینەوە، نەوجەوان لەو ڕێوشوێنە ئاگادار بکاتەوە کە لە بەرامبەری دەگیرێتە بەر).

ئەو كردەوانەی ئەنجامی دەدەن. ئاماژە بەم پرەنسيپە دراوە[11] لە مادەی (47/ يەكەم) لەياسای چاودێريی نەوجەوانان ژمارە (76) ی هەمواركراو[12] بۆ ساڵی (1983) لە مادەی (64) و (1/74) لەياسای سزادانی عێراقی ژمارە (111) ی ساڵی 1969

**16- دەست بەسەرنەكردنی نەوجەوان لەسەر ئەنجامدانی سەرپێچی لە ناوەندەكانی دەستبەسەركردنی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ:**

**پرەنسيپەكە:** نابێت نەوجەوان دەستگير بكرێت ئەگەر سەرپێچيەكی ئەنجامدا، پێويستە دەزگاكانی پۆليس تەنها ئەو نەوجەوانە دەستگيربكەن كە تۆمەتبارە بە تاوانێك كە سزاكەی لە سێدارەدانە ئەگەر تەمەنی لە 14 ساڵ زياتر بێت و لە حاڵەتی نەبوونی خانەی چاودێريی نابێت تێكەڵ بە تاوانبارانی پێگەشتوو بكرێت. لە مادەی (52/ يەكەم) لە ياسای چاودێريی نەوجەوانان ژمارە 76 ی هەمواركراو بۆ ساڵی (1983 ) و مادەی (67) لە ياسای سزادانی عێراقی ژمار (111) بۆ ساڵی (1969 )ئاماژە بەو پرەنسيپە دراوە[13].

**17- پێويستە لەسەر بنكەكانی پۆليس، نەوجەوانی ڕاگيراو لە ڕاگيراوانی گەوران جيابكەنەوە بەمەبەستی ڕێگەگرتن لە وەرگرتنی ڕەفتاری تاوانكاری لێيانەوە هەروەها ڕێگەگرتن لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەر جۆرە پێشێلكاريەك.**

[11] لە مادەی (64) لە ياسای سزادانی عێراقی ژمارە (111) بۆ ساڵی (1969) بڕوانە كە تێيدا هاتووە ( داوای سزايی لەسەر كەسێك بەرز ناكرێتەوە كە لە كاتی ئەنجامدانی تاواندا تەمەنی نەبوبێت بە نۆ ساڵ ) هەروەها لە مادەی (1/74) لە ياسای سزادانی عێراقی ژمارە (111) بۆ ساڵی (1969) بڕوانە كە تێيدا هاتووە (تەمەنی نەوجەوان لە كاتی ئەنجامدانی تاواندا خاڵێكی سەرەكييە بۆ دياريكردنی بەرپرسيارێتييەكەی) .

[12] بڕوانە لە مادەی (47/ يەكەم) لە ياسای چاودێريی نەوجەوانان ژمارە (76) ی ساڵی (1983) ی هەمواركراو كە تێيدا هاتووە ( داوای سزايی لەسەر كەسێك بەرز ناكرێتەوە كە لە كاتی ئەنجامدانی تاوانەكەدا تەمەنی نەگەشتبێتە نۆ ساڵ).

[13] بڕوانە مادەی (67) لە ياسای سزادانی عێراقی ژمارە (111) بۆ ساڵی (1969) كە تێيدا هاتووە ( ئەگەر نەوجەوان سەرپێچييەك ئەنجامبدات لە جياتی ئەو سزايەی كە لە ياسادا هاتووە لە دانيشتنی دادگادا بە ئاگاداركردنەوە حوكم دەدرێت ياخود ڕادەستی دايك و باوكی يا سەرپەرشتيارەكەی يا بەخێوكەرەكەی دەكرێت و لە هەمان كاتيشدا ئاگادار بكرێتەوە بە پاراستنی لەهەڵسوكەوت و ڕەفتار ی باش ، ياخود سزا دەدرێت بە پێبژاردن بەو بڕەی كەلە ياسادا دياری كراوە) لە حاڵەتێكيشدا ئەگەر نەوجەوان كەتنێكی ئەنجامدا ئەوا لە مادەی (68)ی ياسای سزادانداا چەند سزايەك هاتووە بەم شێوەيە (ئەگەر نەوجەوان كەتنێكی ئەنجامدا لە جێی ئەو سزايەی كە لە ياسادا هاتووە. ڕادەستی يەكێك لەو كەسانە دەكرێت كە لە مادەی (68) هاتووە ئەگەربەڵێن بدات بە شێوەيەكی نوسراو بە پاراستن و باشكردنی هەڵسوكەوت و ڕەفتاری لە ماوەيەكدا كە لە شەش مانگ كەمتر نەبێت و لە سێ ساڵيش زياتر نەبێت لە ڕۆژی دەرچوونی حوكمەكەوە، ياخود حوكمبدرێت بە دانانيی لە ناو چاكسازی بۆ ماوەيەک كە لە شەش مانگ كەمتر نەبێت و لە سێ ساڵيش زياتر نەبێت، ياخود بە پێبژاردن سزا دەدرێت بە و بڕەی كە بۆ ئەنجامدانی كەتن دانراوە لە ياساكەدا ).

HEARTLAND ALLIANCE INTERNATIONAL

### دووەم: مافەکانی نەوجەوانان لە بەردەم دادگای لێکۆڵینەوە و دادگای نەوجەواناندا:

**1- دادوەری لێکۆڵینەوە و دادوەری دادگای نەوجەوانان دەتوانن ووردبینی بکەن لە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی نەوجەوانەکە بە ئەشکەنجەدان لەلایەن کارمەندانی پۆلیسەوە کە سەرپەرشتی دەستگیرکردن و لێکۆلینەوە دەکەن بەو پێیەی ئەوە بەشێکە لە بەرپرسیارێتی یاسابیان.**

| |
|---|
| **پرەنسیپەکە:** (پێویستە لەسەر دادوەری لێکۆڵینەوە و دادوەری نەوجەوانان دڵنیابن لە بەکارنەهێنانی هیچ فشارێک یاخود زۆرلێکردنێك بەرامبەر بە نەوجەوان بۆ ئەوەی ناچار بە دانپێدانان بکرێت یان زانیارییەك بدرکێنێت کە ڕەنگە لە دژی بەکاربهێنرێت، هەروەها پێویستە پرسیاری لێبکرێت کە ئایا دوچاری هیچ جۆرە فشارێك یا ئەشکەنجەیەکی جەستەیی و دەروونیی بووەتەوە لە کاتی دەستگیرکردن و ڕەوانەکردنی بۆ بنکەی پۆلیس و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا یاخود لەکاتی دانانی لە بنکەی پۆلیس تا کاتی ئامادەکردنی لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە. ئاماژە بەم پرنسیپە دراوە لە مادەی (127 / 218) لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی و لە لە مادەی (2/40/ب) ی ڕێککەوتنامەی مافەکانی منداڵدا. |

**2- نەوجەوان مافی خۆیەتی داوا بکات ببرێتە لای پزیشکی تایبەتمەند بە مەبەستی پشکنین و دەرخستنی هەر ئەگەرێک بەوەی کارمەندانی پۆلیس هەڵسابن بە ناچارکردنی بە دانپێدانان چونکە ئەمە دەیانخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی یاسایی.**

| |
|---|
| **پرەنسیپەکە:** دادوەری لێکۆڵینەوە یان دادوەری نەوجەوانان دەتوانن نەوجەوان ڕەوانەی پزیشکێك یان لایەنێکی پزیشکی تایبەتمەند بکەن بۆ پشکنینی باری جەستەیی یان ئاسەواری ئەو بەرپرسیارێتیە سزاییەی دەکەوێتە سەریان لە ئەنجامی ناچارکردنی نەوجەوان بە دانپێدانان لە لایەن کارمەندانی پۆلیسەوە. ئاماژە بەم پرنسیپە کراوە لە مادەی (2/13) ی یاسای چاودێری نەوجەواناندا ژمارە (76) بۆ ساڵی (1983) دا. |

**3- نابێت کارمەندانی پۆلیس، نەوجەوان بە کەلەپچەکراوی ببنە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە یاخود دادگای نەوجەوانان .**

| |
|---|
| **پرەنسیپەکە:** ئامادەکردنی نەوجەوان لەبەردەم لایەنە دادوەریەکان بە دەستبەستراوی لە لایەن کارمەندانی پۆلیسەوە یاخود دانانی لە بەندیخانەی ناو دادگا بە پێشێلکردنی شکۆی کەسێتی نەوجەوان دادەنرێت چونکە هێشتا تۆمەتبارە و ئیدانەکردنەکەی نەسەلمێنراوە. ڕێگەنەدان بە گرتنەبەری هەر ڕێوشوێنێک کە ببێتە مایەی زیان گەیاندن بە نەوجەوانەکە وەک توندوتیژی جەستەیی چونکە ئەمە کاریگەریەکی گەورە و قوڵی هەیە لەسەر نەوجەوانەکە و دیدو تێڕوانینی بەرامبەر بە دامەزراوە جێبەجێکارە یاساییەکان) ئەم پرنسیپە ئاماژەی پێدراوە لە مادەی (10/ 3) لە لایەنی کەمی بنەما نموونەییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دادوەریی نەوجەوانان (بنەماکانی پەکین – 1985). |

**4- پێویستە کارمەندانی پۆلیس بڕیاری دادوەر بە ئازادکردنی نەوجەوان دەستبەجێ جێبەجێ بکەن و ڕادەستی کەسوکاری یاخود سەرپەرشتیارەکەی بکەنەوە، ئەگەر نەتوانرا ئەمە ئەنجامبدرێت، بخرێتە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە تا بڕیاری گونجاو لەو بارەیەوە بدات.**

HEARTLAND ALLIANCE INTERNATIONAL

| |
|---|
| **پرەنسیپەکە:** پێویستە لەسەر سەرجەم بنکەکانی پۆلیس و دامەزراوەکانی جێبەجێکردنی یاسا دەستبەجێ هەڵبسن بە تەواوکردنی ڕێوشوێنەکانی ئازادکردنی نەوجەوان لە کاتی دەرچونی بڕیاری دادوەری. نابێت هیچ دواکەوتنێک ڕوووبدات لە ڕەوانەکردنی پەڕاوەکانی ئازادکردن بە هەر هۆکارێک) ئاماژە بەم پرنسیپە دراوە لە لەمادەکانی (2/10) و (1/10) لە لایەنی کەمی بنەما نموونەییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دادوەریی نەوجەوانان (بنەمانی پەکین – 1985). |

## سێیەم: دانانی نەوجەوانان لە دامەزراوەکانی چاکسازیی :

1- **پێویستە لەسەر هێزەکانی جێبەجێکردن لەو کارمەندانەی پۆلیس کە ڕاسپێردراون بە پاراستنی دامەزراوەکانی چاکسازی کە نەوجەوانانیان تیادا دادەنرێت پێداگری بکەن لەسەر پاراستنی ئەو نەوجەوانانەی هەوڵیانداوە لە چاکسازیەکان هەڵبێن و ڕووبەڕووی لێدان و ئەشکەنجەیان نەکەنەوە، چونکە ئامانج لە دانانی نەوجەوانان بریتییە لە دووبارە ڕاهێنانەوە و ئامادەکردنەوە هەروەها چاودێریکردن و پاراستنیان.**

| |
|---|
| **پرەنسیپەکە:** ئامانج لە ڕاهێنان و ئامادەکردنەوەی نەوجەوانان لە دامەزراوەکانی چاکسازییدا بریتییە لە پێشکەشکردنی چاودێریی و پاراستن و فێرکردنی لێهاتوویی و پیشەییە بە مەبەستی یارمەتیدانیان هەتا لە کۆمەڵگادا ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی بنیادنەرانە و بەرهەمهێنەرانە بگێڕن، ئاماژە بەم پرەنسیپە دراوە لە مادەی ( 10 دووەم /سێیەم /چوارەم) لە یاسای چاودێریی نەوجەواناندا ژمارە (76) هەمواركراو بۆ ساڵی (1983) دا. |

2- **پێویستە لەسەر ئەو پۆلیسانەی کە ئەرکی پاراستنی چاکسازییەکانیان لەئەستۆدایە ڕێوشوێنی گونجاو بگرنە بەر بۆ کۆتایی هێنان بە هەر ئاژاوەیەك کە لە نێوان نەوجەوانانی ناو چاکسازییەکە ڕوودەدات لەگەڵ پاراستنی خودی نەوجەوانەکان بۆ ئەوەی ئازاری خۆیان نەدەن.**

3- **پێویستە لەسەر ئەو پۆلیسانەی کە ئەرکی پاراستنی چاکسازییەکانیان لەئەستۆدایە بەشێوەیەکی مرۆڤدۆستانە مامەڵە لەگەڵ کەس و کاری نەوجەواناندا بکەن لەو کاتانەی سەردانی چاکسازیەکان دەکەن.**

4- **پێویستە لەسەر ئەو پۆلیسانەی کە ئەرکی پاراستنی چاکسازییەکانیان لەئەستۆدایە بوار بە پارێزەران بدەن سەردانی نەوجەوانانی بریگرتەیان بکەن.**

## چوارەم : گرنگترین مافەکانی نەوجەوانان لە ماوەی مانەوەیان لەناو چاکسازییەکاندا:

1- سەبارەت بە نەوجەوانانی نێر و مێ:

أ – مافی جیاکردنەوەیان لە گەوران.

ب – مافی پەیوەندیکردن بە دونیای دەرەوە.

ت- مافی دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستیی و دەروونیی و دەرمان.

ج- مافی دەستەبەرکردنی خۆراکی پێویست بە بڕ و جۆری جیاواز.

ح- مافی دەستەبەرکردنی جێگای نوستنی گونجاو و جلوبەرگ.

خ- مافی هەواگۆڕکێ و خۆدانە بەر تیشکی خۆر و ڕووناکیی و ئەنجامدانی یاری وەرزشی.
چ – مافی درێژەدان بەخوێندن و چوون بۆ قوتابخانە.
د-مافی سود وەرگرتن لە پرۆگرامەکانی ڕاهێنان و شیاندنەوە
ر-مافی پاراستنیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەر شێوازێکی خراپ مامەڵەکردن ، مافی تۆمارکردنی سکاڵای یاسایی ، وەرگرتنی خزمەتگوزاریی لەسەر بنەمای ڕەگەز یان زمان یان ئایین یان ڕەنگ یا ن ڕەچەڵەک یان بیروباوەڕی سیاسی.

**2- گرنگترین مافی نەوجەوانانی مێینە لە ماوەی مانەوەیان لە ناو چاکسازییەکاندا:**

نەوجەوانی مێینە جگە لەو مافانەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان بۆ کراوە چەند مافێکی تایبەتی دیکەشیان هەیە :
أ- دانانیان لە شوێنی جیا لە ڕەگەزی نێر.
ب-دەبێت تەنها لەلایەن ڕەگەزی مێینەوە بپشکنرێن.
ج- گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ پاراستنیان لە توندوتیژیی و گێچەڵ پێکردنی سێکسی.

**3- ڕەچاوکردنی مافەکانی نەوجەوانانی خاوەن پێداویستیی تایبەت:**

| |
|---|
| لە مادەی (26 ) لە لایەنی کەمی بنەما نموونەییەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دادوەریی نەوجەوانان (بنەماکانی پەکین – 1985) و بنەماکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە پاراستنی نەوجەوانانی بێبەشکراو لە ئازادیەکانیان (بنەماکانی هاڤانا) و مادەی (10) لە یاسای چاودێریی نەوجەوانان ژمارە (76) بۆ ساڵی(1983)ئاماژە بەو پرەنسیپە کراوە. |

## پێنجەم: پێوەرەکانی مافەکانی مرۆڤ سەبارەت بە دادوەریی نەوجەوانان [14]:

**پێویستە منداڵان سوود لە هەموو دەستەبەر-زەمانەتەکانی مافی مرۆڤ وەربگرن کە بۆ گەورەکان ڕەخساوە. جگە لەوەش ئەم بنەمایانەی لای خوارەوە بەسەر منداڵاندا جێبەجێ دەکرێن:**

- منداڵان دەبێت بە شێوەیەك مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت کە هەست بە ڕێز وشکۆ و بەهای خۆیان بکەن و تێکەڵی کۆمەڵگا بکرێنەوە بەشێوەیەک ڕەچاوی بەرژەوەندیە باڵاکانیان بکات و پێداویستیەکانی تاك لەو تەمەنەدا لەبەرچاوبگیرێت.
- نابێت منداڵان ڕووبەڕووی ئەشکەنجەدان، یان خراپ مامەڵەکردن یاخود سزای بێبەزەییانە یان نا مرۆڤانە یاخود شکۆشکێن یاخود سزای جەستەیی یان بەندکردنی هەتاهەتایی بکرێنەوە بە بێ بوونی

[14] بنەماکانی نەتەوە یەکگرتوەکان (کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ) ڕێبەری پۆلیس بۆ ڕاهێنان لەسەر مافەکانی مرۆڤ و جێبەجێ کردنی یاسا.

بوارێک بۆ ئازادبوون دەستبەسەرکردنی منداڵان یا بەندکردنیان ڕێوشوێنێکی زۆر توندە و نابێت پەنای بۆ ببرێت تەنها وەك دوایین چارەسەرنەبێت یان دەستبەسەرکردنەکە بۆ کەمترین ماوە بێت.

- دەبێت منداڵان لە دەستبەسەرکراوانی گەورە جیابکرینەوە.
- دەبێت منداڵانی دەست بەسەرکراو بتوانن پەیامیان پێبگات و لەلایەن ئەندامانی خێزانەکانیانەوە سەردان بکرێن.
- دەبێت لایەنی کەمی ئەو تەمەنە دیاری بکرێت کە منداڵ بەرپرسیارێتیی تاوان لە ئەستۆ دەگرێت.
- نابێت ڕێوشوێن و جێگرەوەی نایاسایی بۆ چاودێریی منداڵان لە دامەزراوەکاندا دابنرێن.
- دەبێت ڕێز لە تایبەتمەندیی منداڵ بگیرێت و پارێزگاریی لە دۆسیەکانیان بکرێت و لە شوێنێکی پارێزراو بە نهێنیی بهێڵرێنەوە.
- نابێت ئەو ئامرازانە بەکاربهێنرێن کە جووڵەی لەش سنوردار دەکەن ونابێت هێز لەگەڵ منداڵاندا بەکاربهێنرێت تەنها لە حاڵەتی نائاساییدا نەبێت، ئەوش تەنیا لەو کاتانەدا دەبێت کە هەموو ڕێوشوێنەکانی دیکەی کۆنترۆڵکردن شکست دەهێنن ئەوەش تەنها دەکرێت بۆ کورتترین ماوە پەنای بۆ ببرێت.
- نابێت لە ناو دامەزراوەکانی چاودێری نەوجەواناندا چەك هەڵبگیرێت.
- دەبێت ڕێز لە بنەمای شکۆی منداڵ بگیرێت، هەستکردن بە دادپەروەری و ڕێزگرتنی خود و هەروەها ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤی تیادا بچێنرێت.
- ئەنجامدانی ڕاهێنانی تایبەت بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە مامەڵە لەگەڵ نەوجەواناندا دەکەن، دەبێت کەسانێك بن کە بۆ ئەو مەبەستە گونجاو بن.
- سەرپەرشتیاران هەڵدەستن بە ئەنجامدانی سەردانی دەوری بۆدامەزراوەکانی نەوجەوانان و بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت.
- دایك و باوك لە ڕوودانی هەر حاڵەتێکی دەستگیرکردن یا دەستبەسەرکردن یا گواستنەوە یا نەخۆش کەوتن یا پێکان یا مردنی منداڵەکەیان ئاگادار دەکرێنەوە .

### شەشەم: کۆمەڵێک ڕێنمایی بۆ کارمەندانی پۆلیس لە کاتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ نەوجەوانان بەپێی پێوەرەکانی مافەکانی مرۆڤ:

– بەشداریکردن لەخولەکانی ڕاهێنانی تایبەت بەمامەڵەکردن و چاودێریی نەوجەوانانی لادەر و چۆنێتی مامەڵەکردن وچاودێریکردنیان بەڕێگایەکی گونجاو و مرۆڤدۆستانە.

– بەشداریکردن لە پرۆگرامەکانی هۆشیارکردنەوەی منداڵان، بەمەبەستی یارمەتیدانیان لە ڕێگەگرتن لە ئەنجامدانی کردەوەی تاوانکاری بێئەوەی دووچاری ئازاردان ببنەوە.

– ناسینی منداڵەکان و کەسوکاریان لەو ناوچەیەدا کە ئەرکی خۆیانی تێدا ئەنجامدەدەن.

– ئاگاداربوون لەو شوێنانەی کەجێگای مەترسیین بۆ ئەنجامدانی کەتن وکەسانی گەورە کەجێگای مەترسی تاوانکارین و دەبێت لە هەبوونی منداڵان لەو شوێنانە ولەهەبوونی پەیوەندییان بە گەورانەوە .

– ئەنجامدانی بەدواداچون بۆ حاڵەتەکانی بینینی خوێندکار لە دەرەوەی خوێندنگە لە کاتەکانی دەوامدا و ئاگادارکردنەوەی دایک و باوک و بەڕێوەبەرانی خوێندنگاکان.

– دەستبەجێ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەکاتی بوونی هەر بەڵگەیەك کە دەیسەلمێنێت منداڵ لە ماڵەوە یان لە بنکەکانی پۆلیس فەرامۆشکراوە یاخود ئازاردراوە.

– ئەنجامدانی کۆبونەوەی بەردەوام و رێکخراو لە گەڵ پسپۆرانی کۆمەڵایەتی و پیشەیی وپزیشکان بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ دەربارەی کەیسەکانی منداڵان کە پەیوەندیدارە بە کارەکانیانەوە. باسکردنی ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیان بە کارەکانیانەوە هەیە.

– ئاگادارکردنەوەی بەرپرسان و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە کاتی هەبوونی هەر زانیاریەك کە ئاماژەبێت بە نەشیاویی مامەڵەکردنی هەر کارمەندێک لە کارمەندانی پۆلیس لەگەڵ نەوجەوانان دا.

– هاندان لەسەر بەکارهێنانی کۆمەڵە ڕێوشوێنێکی جۆراوجۆر وەك جێگرەوە بۆ چاودێریی نەوجەوانان لە دامەزراوەکاندا لە نێویاندا فەرمانەکانی چاودێریی و ئاراستەکردن و سەرپەرشتیکردن و ڕاوێژپێکردن و خستنە ژێر چاودێری لە خۆگرتن و پرۆگرامەکانی ڕاهێنانی پیشەیی و هۆشیارکردنەوە لەگەڵ چەندین ڕێوشوێنی گونجاو و لەبار.

– هەڵگرتن وپاراستنی زانیارییە تایبەتەکانی نەوجەوانە راگیراوەکان لە شوێنێکی پارێزراو : زانیاریی دەربارەی ناسنامەکانیان، هۆکارەکانی ڕاگرتنیان و وادەی ڕادەستکردن و گواستنەوە و ئازادکردنیان و وردەکارییەکانی ئەو ئاگادارکردنەوانەی کە ڕەوانەی کەسوکاریان کراوە، هەروەها ئەو کێشەی تەندروستییە جەستەیی و عەقلیانەی پێوەی دەناڵێنن و ئەو فەرمانبەرانەی کە چاودێرییان دەکەن و مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن یا هەر زانیارییەکی دیکە کە پێویست و گرنگ بێت.

– دەبێت نەوجەوانە ڕاگیراوەکان بۆیان هەبێت ڕاستەوخۆ سکاڵا پێشکەش بە بەڕێوەبەری دامەزراوەکە یا دەسەڵاتدارانی دادوەریی یان ڕێکخراوەکانی مافی مرۆ بکەن.

– یارمەتیدان بۆ دانان وجێبەجێکردنی پرۆگرامی کۆمەڵایەتی بەمەبەستی ریگەگرتن لە نەوجەوانان بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تاوانکاری.

– خستنەڕووی سیاسەتەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ نەوجەوانی لادەرلە یاسا بە شێوەیەکی بەردەوام بە ڕاوێژ لەگەڵ دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان وفەرمانبەرانی تەندروستی ودەسەڵاتی دادوەریی و نوێنەرانی کۆمەڵگای مەدەنی.

– دانانی کۆمەڵە ڕێوشوێنێك کە لە ڕێگایەوە نەوجەوانی ڕاگیراو زووتر لەبەردەم دادگای تایبەتمەند ئامادەبکرێن.

– جەختکردنەوە لە هەبوونی هەماهەنگیی و هاوکاریی بەردەوام لەگەڵ دامەزراوەکانی دادوەری نەوجەوانان ودامەزراوە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە پاراستنی منداڵ و دامەزراوە تەندروستی وکۆمەڵایەتییە پەیوەندیدارەکان.

– دەرکردنی کۆمەڵێک فەرمانی ڕوون دەربارەی مامەڵەکردنی نهێنی تۆمار و دۆسێکانی نەوجەوانان.

– چاودێریکردنی ووردی ئەو فەرمانبەرانەی مامەڵە لەگەڵ نەوجەوانان دەکەن و لێکۆڵینەوە لە هەبوونی هەر حاڵەتێکی ئازاردانی نەوجەوانان یاخود بەکارهێنانیان یان خراپ مامەڵەکردن لەگەڵیاندا.

## بەشی دووەم:

## پاشکۆکان

HEARTLAND ALLIANCE INTERNATIONAL

## پاشکۆی ژمارە (1)

## ڕۆڵی لایەنە فەرمیی و نا فەرمییەکان بۆ زامنکردنی دادوەریی نەوجەوانان

### یەکەم: وەزارەتی ناوخۆ.

1- پشتبەستنی ئەم رێبەرە ڕێنماییە پاش پەسەندکردنی لەلایەن بەڕێز وەزیری ناوخۆوە وەك ڕێبەرێکی کارکردن بۆ هەموو فەرمانبەرانی وەزارەتی ناوخۆ تایبەت بە چۆنێتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ نەوجەوانان لە سەرجەم قۆناغەکانی دادگاییکردندا و کردنی بە پرۆگرامێکی خوێندن لە ئەکادیمیاکانی پۆلیس.

2- سەبارەت بەهەرێمی کوردستان ڕێبەریەکە کاری پێدەکرێت پاش پەسەندکردنی لەلایەن وەزیری ناوخۆ دەتوانێت هەرجۆرە ڕێنماییەك دەربکات کە گونجاو بێت بۆ جێبەجێکردنی ڕێبەرەکە بەگوێرەی ئەو ڕێوشوێن و پلەبەندیەی بۆ پۆلیسی نەوجەوانان لە هەرێمی کوردستان کاری پێدەکرێت.

3- دەرکردنی ڕێنمایی بۆ سەرجەم فەرمانبەران سەبارەت بە ڕۆڵی سەرجەم لایەنەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بۆ زامنکردنی دادوەری نەوجەوانان.

4- پەسەندکردنی پلانێکی جێبەجێکردن بۆسەرجەم کارمەندانی وەزارەت سەبارەت بە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیارییان بە مافەکانی نەوجەوانان وچۆنێتی ڕێگرتن لەهەر جۆرە پێشێلکاریەکی پەیوەست بە مافەکانی نەوجەوانان و بەدیهێنانی بەرژەوەندی باڵای منداڵ / نەوجەوانان.

5- کارکردن لەسەر جێبەجێکردنی ڕێبەریەکە بەجۆرێك دەبێت کە پرۆگرام و خولی ڕاهێنان و کۆنفرانس و خزمەتگوزاریی وچاپکردنی ڕێبەریەکە و دابەشکردنی بەسەر کارمەندان و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی دەوڵەت لە خۆیبگرێت.

6- چاوخشاندنەوە بە هەیکەلیەتی پۆلیسی نەوجەوانان وبەرزکردنەوەی بۆ ئاستی بەڕێوەبەرایەتی و ڕاستەوخۆ بخرێتە سەر وەکالەتی وەزارەت بۆ کاروباری پۆلیس و سەرجەم فەرمانگە و بەشەکانی پۆلیسی نەوجەوانان لە پارێزگاکان لە ڕووی تەکنیکیەوە سەر بەم بەڕێوەبەرایەتییە دەبن.

7- تاووتوێکردنی پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵا لەوەزارەت بۆ هەڵبژاردنی کەسانی بەتوانا و تایبەتمەند وخاوەن بڕوانامە بۆ ئەوەی ببنە بناغەی پۆلیسی نەوجەوانان.

8- دەرکردنی ڕێنمایی بۆ ئەوەی لە هەموو بنکەیەکی پۆلیس، پۆلیسێکی نەوجەوانان هەبێت کە کاریان جێبەجێکردنی فەرمانەکانی دەستگیرکردن و ئامادەکردنی نەوجەوان بێت بۆ بنکەی پۆلیس بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ ئەنجام بدرێت و لە بەردەم دادوەری تایبەتمەند ئامادەبکرێت بە مەبەستی زامنکردنی پاراستنی مافی نەوجەوانان.

9- دەرکردنی ڕێنمایی بۆ جیاکردنەوەی پۆلیسی نەوجەوانان بە پۆشینی جلێکی تایبەت و جیاواز لە جلوبەرگی سەربازی ودانانی هێمایەك لەسەر جلەکانیان وەك نیشانەیەك بۆ پۆلیسی نەوجەوانان چونکە گرنگە ئەو لایەنانە بناسرێنەوە کە مامەڵە لەگەڵ نەوجەوانان دەکەن لەگەڵ بەهەندوەرگرتنی ئەو کاریگەرییە دەروونییانەی دروست دەبن.

10-دۆزینەوەی میکانیزمێك لە نێوان پۆلیسی نەوجەوانان و بەڕێوەبەرایەتی پزیشکی دادوەریی لە وەزارەتی تەندروستی بەمەبەستی ئاسانکاریکردن لە خێرا دەرچوونی راپۆرتە پزیشکیەکان بۆ یەکلایی کردنەوەی داوا و چارەنووسی نەوجەوان بە زووترین کات.

11-دانانی رۆژی 20ی تشرینی دووەم کە ڕۆژی جیهانی منداڵە بکرێتە ڕۆژێکی نیشتمانی بۆ دادوەریی نەوجەوانان و لەو ڕێگەیەوە وەزارەتی ناوخۆ چەند چالاکییەکی گشتی نیشتمانی ڕێکدەخات بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی و هۆشیاریی سەبارەت بە پاراستنی نەوجەوانان لە لادان لە یاسا.

12-کارکردن بۆ بڵاوکردنەوەی ڕێبەریەکە لە وەزارەتی ناوخۆ و لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە و ڕێکخستنی هەڵمەتی ڕاگەیاندن و سازدانی بەرنامەی تەلەفزیۆنی بۆ ناساندن و دەرخستنی گرنگی ڕێبەرەکە لەلایەن پۆلیسەوە بۆ پاراستنی مافەکانی نەوجەوانان.

13-پێویستە پۆلیس لە کاتی مامەڵەکردنی لەگەڵ نەوجەوانان لانی کەمی بنەما نموونەییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراواندا جێبەجێ بکات.

14- سکاڵاکان ئاراستەی بەشی سکاڵا ئۆنلاین لە ماڵپەری وەزارەتی ناوخۆ بکرێت، بۆ بەدواداچوونی هەر پێشێلکاریەک کە لە لایەن ئەفسەر و کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆوە ئەنجامبدرێت.

15-کاراکردنی یەکەی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی لەناو بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی نەوجەوانان بۆتویژینەوە و شیکردنەوەی تاوانەکانی نەوجەوانان و دەرخستنی هۆکارەکان و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت و ڕاسپاردەی تایبەت لە بارەیانەوە.

16-پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ دانانی میکانیزمی کاری هاوبەش لە نێوان پۆلیسی نەوجەوانان و پۆلیسی کۆمەڵگا و بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ پاراستنی مافەکانی نەوجەوانان.

17-جەختکردنەوە لە سەر پابەندبوون بەو ڕێنماییانەی کە لە وەزیری ناوخۆوە دەرچوون تایبەت بە لێکچوونی ناوەکان بە تایبەت پەیوەست بە نەوجەوانان ئەوەش بەپێی دەقی مادەی (93) لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی ژمارە (23)بۆ ساڵی (1971) و هەموارەکانی.

18- وەزارەتی ناوخۆ بەهاوکاری هەر دوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا هەڵمەتی هۆشیاریی سەبارەت بە سنووردانان بۆ مەترسییەکانی لادانی نەوجەوانان ئەنجامدەدەن.

### دووەم : ڕۆڵی داواکاری گشتی

پێویستە لەسەر کارمەندانی پۆلیس هاوکاری داواکاری گشتی بکەن بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی لە پاراستنی مافەکانی نەوجەوانان وتێگەیشتن لە ڕۆڵی داواکاری گشتي و ئەرکەکانیان کە پێویستی دەکات لەسەریان لە حاڵەتی پابەندنەبوونیان بە پێوەرە یاساییەکانی چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ نەوجەواناندا:

1- داواکاری گشتیی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە زامنکردنی ڕێزگرتنی دەسەڵاتەکانی لێکۆڵینەوە بۆ ماف وزەمانەتەکانی نەوجەوان. ڕێگەگرتن لە ڕووبەڕووبونەوەیان بە خراپ مامەڵەکردن و ئەشکەنجە لە سەرجەم قۆناغەکانی دادگاییکردندا. هەروەها تانەدان لەو بڕیار وڕێوشوێنانەی کە لەکاتی لێکۆڵینەوە و دادگاییکرندا

دەرچوون ورێکاری جێبەجێکردنی یاسایی دروستیان تێدا نەکراوە، هەروەها لەچاودێریکردنی چاکسازییەکان و وەرگرتنی سکاڵا لەنەوجەوانان وکەسوکاریان وئەنجامدانی بەدواداچون بۆیان.

2- زیادکردنی چاودێری لەسەر ئەدای کاری پۆلیسی نەوجەوانان.

3- بەدواداچوونی چۆنێتی بەڕێوەچوونی داوای نەوجەوانان لەلای دادوەرانی لێکۆڵینەوە و دادوەرانی دادگاییکردن.

4- چڕکردنەوەی چاودێری لەسەر بارودۆخی ڕاگیراوانی نەوجەوانان بۆ ڕێزگرتن لە سەروەری یاسا.

## سێیەم : ڕۆڵی توێژەی کۆمەڵایەتی.

پێویستە کارمەندانی پۆلیس هاوکاری توێژەرانی کۆمەڵایەتی بکەن بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانیان لە پاراستنی مافەکانی نەوجەوانان و تێگەیشتن لە سروشتی کارەکەیان لە مامەڵەکردن لەگەڵ نەوجەوانان:

1- توێژەری کۆمەڵایەتی لە دادوەری نەوجەواناندا ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەی هەیە چونکە ئەو هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن بۆ باری تەندورستی و دەروونی و عەقڵی نەوجەوان و ئامادەکردنی ڕاپۆرت کە تیایدا چەند ڕاسپاردەیەکی دیاریکراو بۆ دادگای لێکۆڵینەوە ودادگای نەوجەوانان پێشکەش دەکات لە ڕوانگەی ئەو ڕاپۆرت و ڕاسپاردانەوە کە یارمەتیدەر دەبن لە هەڵبژاردنی ڕێوشوێنی گونجاو بۆ بارودۆخی نەوجەوانەکە.

2- پێویستە لە هەموو حاڵەتەکاندا جگە لەو حاڵەتانەی کە تاوانی لاوەکی ناگرنەوە و بەرلەوەی دەسەڵاتی تایبەتمەند بریاری کۆتایی وەربگرێت پێش دەرکردنی حوکم بڕیارێك دەربکات ،بەدواداچونێکی وورد ودروست دەکات بۆ ژینگە وشوێنی ژیانی نەوجەوان یان ئەو بارودۆخەی کە نەوجەوان تاوانەکەی تێدا ئەنجامداوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی پەیوەندیدار لە دەرکردنی حوکمەکەیدا وورد بین و دوور بین بێت .

3- ڕاپۆرتە کۆمەڵایەتییەکان (ڕاپۆرتەکانی پێش دەرکردنی حوکم) ئامرازێکی یارمەتیدەرن ناکرێت دەستبەداریان ببین لە زۆربەی داوا یاسایی و خێزانیەکاندا وهەروەها ژیانی ناو قوتابخانە وئەزموونەکانی فێربوون، بۆ ئەم مەبەستە هەندێ لە دەسەڵاتە دادوەرییەکان دەستەی کۆمەڵایەتی تایبەت یان فەرمانبەرانی سەر بەدادگا یاخود دەستەی کارگێری بۆ ئەو مەبەستە بەکاردەهێنن.

4- لەوانەیە فەرمانبەرانی تریش ئەو کارە ئەنجامبدەن بەتایبەت چاودێرانی ڕەفتار، لەبەرئەوە پێویستە خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی گونجاو دابینکرابن لە ڕێگەی چەند ڕاپۆرتێکی باری کۆمەڵایەتییەوە کە دەکرێت پشتیان پێ ببەسترێت.

## چوارەم: ڕۆڵی پارێزەر و سەندیکای پارێزەران

1- نەوجەوان مافی ئەوەی هەیە بە درێژایی ڕێکارەکانی دادگاییکردن بریکارە یاساییەکەی نوێنەرایەتی بکات، یاخود داوا لە دادگا بکات پارێزەرێکی بۆ دابنێت تا بەرگری لێبکات. ( بنەماکانی پەکین مادەی 1/15)
2- بوونی پارێزەر لەقۆناغی لێکۆڵینەوە ودادگاییکردندا یەکێکە لەگرنگترین زەمانەتەکانی دادگاییەکی دادپەروەرانە، ئەگەر پارێزەر ئامادە نەبوو ئەوا دادگاییەکە بە پوچەڵ دادەنرێت.
3- پارێزەر مافی ئەوەی هەیە پەیوەندی بە بریگرتە نەوجەوانەکەیەوە بکات، مافی خۆیەتی بە تەنیا لەگەڵ نەوجەوانەکە دابنیشێت ولەزمانی خۆیەوە ڕاستیەکان ببیستێت وگفتوگۆی لەگەڵدا بکات سەبارەت بەو ڕێوشوێنانەی کە لەچوارچێوەی بەرگری لێکردنیدا پێی هەڵدەستێت.
4- پارێزەر مافی ئەوەی هەیە سەرجەم بەڵگەکانی ناو دۆسییەی داواکە ببینێت پێش و پاش بە بریکارگرتنی تۆمەتباری نەوجەوان بەکاتێکی گونجاو لەهەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی داوای یاسایی. (مادەی20 لە یاسای پارێزەرایەتیی لە هەرێمی کوردستانی عیراق ژمارە 17 بۆ ساڵی 1999).
5- لەسەر پارێزەر پێویستە هەموو توانای خۆی بخاتە گەڕ بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی نەوجەوانە بریگرتەکەی.
6- دادگای نەوجەوانان دەتوانێت بەرگری سەرپەرشتیار یان کەسێکی نزیکی نەوجەوانی تۆمەتبار یان نوێنەرانی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان قبوڵ بکات بەبێ بوونی بریکارنامەیەکی نوسراو لەگەڵ ڕەچاوکردنی حوکمەکانی مادەی 144 لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی، مادەی (60) لە یاسای چاودێریی نەوجەوانان.
7- پێویستە لەسەرپارێزەری دەستنیشانکراو لەلایەن دادگاوە ئامادەی دانیشتنە دادگاییەکە بێت و بەرگریی لە نەوجەوانی تۆمەتبار بکات یاخود پارێزەرێکی دیکە لە جێی خۆی دەستنیشان بکات – مادەی (144) لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی و ئەنجامدانی سەرجەم ڕێوشوێنەکانی بەرگریکردن.

## پێنجەم: ڕۆڵی دایکان و باوکان (خێزان)

1- دایك وباوك ڕووبەڕووی سزای دارایی یان بەندکردن دەبنەوە ئەگەر هاتوو منداڵ یان نەوجەوانەکەیان پشتگوێ خست بە جۆرێك پشتگوێ خستنەکە ببێتە هۆی پەرتەوازەبوون یان لادانی ڕەفتار یاخود پشتگوێ خستنەکە ببێتە هۆکارێک کە نەوجەوان کەتێك یا تاوانێکی ئەنقەست ئەنجامبدات.
2- -ئەگەر لە حاڵەتێکدا منداڵێکی خوار تەمەن 9 ساڵ تاوانێکی ئەنجامدا ئەوا دادگا دەتوانێت بڕیار بدات بە ڕادەستکردنەوەی بە دایك و باوکی تا ڕاسپاردەکانی دادگا جێبەجێ بکەن بۆپاراستنی ڕەفتاری باش بەپێی بەڵێننامەیەك کە بەستراوە بە زەمانێکی دارایی بۆ ماوەیەك کە لە دوو ساڵ کەمتر نەبێت و لە پێنج ساڵیش زیاتر نەبێت.

3- دادگای نەوجەوانان بڕیار دەدات مافی بەخێوکردنی منداڵ یاخود نەوجەوان لە دایك و باوك وەربگرێتەوە ئەگەر بەخێوکەر تاوانێکی ئەنجامدا کە زیان بە ڕەوشت و ئادابی گشتی بگەیەنێت بەڵام پێش ئەوە داوا لە نوسینگەی توێژینەوەی کەسێتی دەکات توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و پشکنینی پزیشکی و دەروونی بۆ منداڵ یا نەوجەوانەکە ئەنجامبدات بۆ دیاریکردنی ڕادەی کاریگەریی بڕیاری لێسەندنەوەی مافی بەخێوکردنەکە.

4- -پێویستە سەرپەرشتیار یان دایك وباوك هاوکاریی چاودێرانی ڕەفتار بکەن بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری چاودێریکردنەکە کە هۆکاری بەرجەستەکردنی بەرژەوەندی نەوجەوانەکە بێت و لە هەر گۆڕانێك کە بەسەر ڕەفتاریدا دێت ئاگاداری بکەنەوە.

5- ئەگەر دایك و باوك یا ن سەرپەرشتیارئەرکەکانی فەرامۆشکرد یا کۆسپی بۆ کاری چاودێریکردنەکە دروست کرد ئەوا دادگای نەوجەوانان بە سزای پێبژاردن سزای دەدات .

## شەشەم: ڕۆڵی کۆمسیۆنی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان-عیراق

1. کۆمسیۆن لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆدا کار دەکات بۆ ڕاهێنانی سەرجەم کارمەندانی وەزارەت سەبارەت بە مافەکانی نەوجەوانان و دادپەروەری تاوانکاری.
2. کۆمسیۆن لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆدا هەول دەدات بۆ بڵاوکردنەوەی ڕێبەری ڕێنمایی تایبەت بە دادوەری نەوجەوانان لە سەرجەم دامەزراوەکانی دەوڵەت.
3. کۆمسیۆن کار دەکات بۆ سازدانی وۆرك شۆپ و ڕێکخستنی کۆڕ وکۆنفرانسی هاوبەش لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ بۆ ناساندنی ڕۆڵیان لە پاراستن و چاکسازیکردن لە دادوەریی نەوجەوانان.
4. بەهێزکردنی ڕۆڵی کۆمسیۆن بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی دامەزراوەکان لە جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی ڕێبەریەکە.
5. کۆمسیۆن چاودێری سەرجەم ئەو پێشێلکارییانە دەکات کە لە ناو دامەزراوەکانی جێبەجێکردنی یاسای سەر بە وەزارەتی ناوخۆ لە کاتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ دۆسیەی نەوجەوانانیدا ڕوودەدەن و پلانێکی هاوبەش دادەنێن بۆ بەدواداچون و سنوردارکردنی پێشێلکارییەکان.
6. کۆمسیۆن و وەزارەتی ناوخۆ کار دەکەن بۆ پێکهێنانی تیمێکی نیشتمانی بۆ دادوەریی نەوجەوانان لە سەرجەم دامەزراوەکانی دەوڵەتدا کە هۆکارێك بێت بۆ پاراستن و پارێزگاریکردن لە مافەکانی نەوجەوانان.
7. -کۆمسیۆن کار دەکات بۆ کاراکردنەوەی ئەو سکاڵایانەی کە تایبەتن بە پێشێلکردنی مافەکانی نەوجەوانان لە لایەن پۆلیسەوە.
8. کۆمسیۆن میکانیزمەکانی چاودێریکردن کارا دەکات بۆ جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی ڕێبەری ڕێنمایی لەلایەن سەرجەم کارمەندانی پۆلیسی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ.

HEARTLAND ALLIANCE INTERNATIONAL

## پاشکۆی ژماره (2)

## چوارچێوەی یاسایی بۆ دادوەری نەوجەوانان

ئامانج لەم بەشە لە رێبەری رێنمایی بریتییە لە وەبیرهێنانەوەی کارمەندانی بواری پۆلیسی نەوجەوانان لە گرنگترین دەقی ئەورێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییانەی تایبەتن بە نەوجەوانان و منداڵان وپێویستی بەرزکردنەوەی رۆشنبیریی گشتییان بەوپێیەی عێراق یەکێکە لەو دەوڵەتانەی واژۆیان لەسەرکردوون و دەبێت پابەند بێت پێیانەوە. بە مەرجێك لەگەڵ یاسا نیشتمانییەکاندا ناکۆك نەبن بەو پێیەی چەند بنەمایەکی نمونەیی کە خۆی دەبینێتەوە لە لانیکەمی ئەو مافانەی کە پێویستە لەسەر وڵاتە بەشدارەکان رێزیان لێبگرن. هەروەها ئەم رێککەوتننامە وپەیماننامە نێودەوڵەتیانە دادەنرێن بە سەرچاوەیەك بۆ یاسادانەری عیراقی بۆ دارشتنی یاسای تایبەت بە منداڵان ونەوجەوانان.

### یەکەم: چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیی بۆ دادوەری نەوجەوانان.

**1- -پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان بۆ ساڵی (1966)، گرنگترین ئەو خاڵانەی سەبارەت بە نەوجەوانان لە خۆی دەگرێت ئەمانەی لای خوارەوەن:**

- -مادەی (5/6) کە تێیدا هاتووە (نابێت سزای لەسێدارەدان لەسەر ئەنجامدان تاوانێك بۆ ئەو کەسانە دەربچێت کە تەمەنیان لە 18 ساڵ کەمترە، ئەو سزایە بەسەر ژنانی دووگیانیشدا جێبەجێ ناکرێت).
- مادەی (2/10 – ب) کە تێیدا هاتووە (تۆمەتبارانی نەوجەوان لە گەوران جیادەکرێنەوە و زۆر بە خێرایی رەوانەی دادگا دەکرێن بۆ یەکلاییکردنەوەی داواکانیان) .
- مادەی (3/10) کە تێیدا هاتوو (پێویستە سیستەمی بەندیخانەکان بەجۆرێك مامەڵە لەگەڵ بەندکراواندا بکات کە ئامانجی سەرەکی چاکسازیی و دووبارە ئامادەکردنەوەی کۆمەڵایەتی بەندکراوەکان بێت و تاوانبارانی نەوجەوان لە تاوانبارانی گەوران جیابکرێنەوە و بە جۆرێك مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت کە لەگەڵ تەمەن و پێگەی یاساییاندا بگونجێت).
- مادەی (4/14) کە تێیدا هاتووە (لە حاڵەتی نەوجەوانانداپێویستە رەچاوی ئەوە بکرێت کە رێوشوێنەکان لەگەڵ تەمەنیان گونجاو بێت و لەگەڵ پێویستی دووبارە شیاندنەوە و ئامادەکردنەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگا یەکبگرێتەوە).

**2- بنەما نمونەییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرێوەبردنی کاروباری نەوجەوانان (بنەماکانی پەکین – 1985) گرنگترین ئەو خاڵانەی کە لەخۆی دەگرێت تایبەت بە نەوجەوانان ئەمانەن:**

- مادەی (7) کە تێیدا هاتووە (لە سەرجەم قۆناغەکانی گرتنەبەری رێکارەکاندا رێوشوێنە بنەرەتییەکان بەردەست بێت وەك گریمانەکردنی بێتاوانی و مافی ئاگادارکردنەوەی بەو تۆمەتانەی کە ئاراستەدەکرێت لەگەڵ مافی مانەوە بەبێ دەنگی و مافی بەدەستهێنانی خزمەتگوزاری یاسایی (هەبوونی پارێزەر) و هەروەها مافی ئامادەبونی دایك و باوك یان سەرپەرشتیار و مافی رووبەڕووبونەوەی شایەتحاڵەکان و پرسیار لێکردنیان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی مافی تێهەڵچوونەوە لەبەردەم دەسەڵاتێکی باڵاتردا.

**3- ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ (1989[15]) 15 بە تایبەت مادەی (37) کە تێیدا هاتووە:**

- نابێت هیچ منداڵێك ئەشکەنجە بدرێت یان مامەڵەی خراپی لەگەڵدا بکرێت یاخود سزایەکی توند یان نامرۆڤانە یان شکۆشکێنی بەرامبەر ئەنجامبدرێت. هەروەها نابێت سزای لەسێدارەدان یان بەندکردنی هەتاهەتایی لەسەر تاوانێك بەسەر ئەو کەسانەدا بسەپێندرێت کە تەمەنیان لە 18 ساڵ کەمترە بەبێ هەبوونی بوارێك بۆ ئازادکردنیان.
- نابێت منداڵ بە شێوەیەکی نایاسایی یان زۆرەملێیانە لە ئازادی بێبەشبکرێت ، هەروەها پێویستە دەستگیرکردن و ڕاگرتن و بەندکردنی لەسەر بنەمای یاساییبوون بکرێت و دەست بەسەر بکرێت. ئەمەش نابێت پەنای بۆ ببرێت تەنها وەك دوایین چارەسەر و بۆ کورتترین ماوەی زەمەنی گونجاو.
- هەموو منداڵێکی بێبەشکراو لە ئازادییەکەی بە شێوەیەکی مرۆڤانە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و ڕێز لە شکۆی مرۆڤانەی دەگیرێت و دەبێت بە شێوەیەکی ئەوتۆ بێت کە پێداویستییەکانی ئەو کەسانەی تێدا ڕەچاو کرابێت کە گەیشتونەتە ئەو تەمەنە. هەموو منداڵێکی بێبەشکراو لە ئازادی لە کەسانی پێگەیشتوو جیادەکرێتەوە لە حاڵەتێکدا نەبێت کە بەرژوەندیی منداڵەکە پێچەوانەکەی بخوازێت. مافی ئەوەشی هەیە لە پەیوەندیکردن بەکەس و کاری بەردەوام بێت لە ڕێگەی نامە و سەردانکردنەوە تەنها لە حاڵەتی نائاساییدا نەبێت.
- هەموو منداڵێکی بێبەشکراو لە ئازادی مافی ئەوەی هەیە بە زووترین کات یارمەتی یاسایی و هەر جۆرە یارمەتیەکی دیکەی گونجاو بەدەست بهێنێت ئەوە جگە لە مافی تانەدان لە نایاساییبوونی بێبەشکردنی لە ئازادییەکەی لەبەردەم دادگا یان هەر دەسەڵاتێکی سەربەخۆی دیکە و پێویستە ئەو جۆرە ڕێوشوێنانە زۆر بەخێرایی ئەنجامبدرێن.

**4- بنەماکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە ڕێگرتن لە لادانی نەوجەوانان (بنەماکانی ڕیاز – 1990) گرنگترین ئەو خاڵانەشی کە تێیدا هاتوون ئەمانەی لای خوارەوەن:**

- مادەی (54) کە تێیدا هاتووە (نابێت هیچ منداڵێك یا نەوجەوانێك ناچاربکرێت چ لە ماڵەوە یا قوتابخانە یا هەر دامەزراوەیەك بێت ڕێوشوێنی توندی بەرامبەر پەیرەو بکرێت یا سزای توند بدرێت یا سوکایەتی پێبکرێت).
- مادەی (58) کە تێیدا هاتووە (پێویستە فەرمانبەرانی جێبەجێکەری یاسا یان فەرمانبەرانی دیکەی پەیوەندیدار لە هەردوو ڕەگەز ڕاهێنانیان پێبکرێت بۆ بەدەمەوەچوونی پێداویستیە تایبەتیەکانی نەواجەوانان، دەبێت ئەو فەرمانبەرانە ئاشنا بن بە پرۆگرام و ڕێوشوێنەکانی ڕەوانەکردن بۆ دامەزراوەکان بەمەبەستی ڕەوانەکردنی نەوجەوانان لەناو سیستەمی دادوەری وبتوانن تا ئەوپەڕی توانا لێی سوودمەندبن.

**5- بنەماکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە پاراستنی نەوجەوانانی بێبەشکراو لە ئازادیەکانیان (پرەنسیپەکانی هاڤانا 1990) گرنگترین ئەو خاڵانەی کە تێیدا هاتوون ئەمانەن:**

[15] 15 عێراق لە 1994/6/15دا ڕێککەوتننامەی مافی منداڵی واژۆ کردووە.

- مادەی (17/ سێیەم) کە تێیدا هاتووە (ئەو نەوجەوانانەی کە دەستگیرکراون وچاوەڕێی دادگاییکردنن (هێشتا دادگایی نەکراون) بێتاوانن و لەسەر ئەو بنەمایەش دادگایی دەکرێن و ئەوەندەی لە توانادایە هەوڵبدرێت پێش دادگاییکردنەکە بەند نەکرێن تەنیا لە بارودۆخی نائاساییدا نەبێت. بۆیە هەموو هەوڵێك دەدرێت رێوشوێنی جێگرەوە جێبەجێ بکرێت. بەڵام ئەگەر پەنا برایە بەر بەندکردن بە مەبەستی پاراستن ئەوا دادگاکانی نەوجەوانان و دەستەکانی لێکۆڵینەوە دەبێت هەوڵبدەن زۆر بە خێرایی ئەو داوایانە یەکلایی بکەنەوە. بۆئەوەی زامنی کورتترین ماوە بکرێت بۆ دەستبەسەرکردنی ئەو نەوجەوانانەی دەستگیرکراون و هێشتا دادگایی نەکراون، لەو نەوجەوانانە جیادەکرێنەوە کە حوکمیان بەسەردا دراوە.)
- مادەی (18/أ) کە تێیدا هاتووە (نەوجەوانان مافی ئەوەیان هەیە ڕاوێژی یاسایی و یارمەتی یاسایی بێ بەرامبەر بەدەست بهێنن لە هەر شوێنێك ئەو یارمەتیانە هەبێت. هەروەها مافی ئەوەیان هەیە بە شێوەیەکی بەردەوام پەیوەندی بە ڕاوێژکاری یاساییەوە بکەن و پێویستە ئەو پەیوەندیکردنە تایبەت و نهێنی بێت)

**6- -بنەماکانی ڕێنماییکردن لەبارەی دابینکردنی دادپەروەری لەو بابەتانەی کە منداڵانی قوربانی تاوانەکان و شایەتحاڵەکانیان لەخۆدەگرێت و ساڵی 2004 لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچووە، ئەم خاڵانەی لای خوارەوە لەخۆ دەگرێت :**

- -مادەی (10) کە تێیدا هاتووە (پێویستە منداڵانی قوربانی وشایەتحاڵەکان بە وریایی و هەست و سۆزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت بە درێژایی ماوەی بەڕێوەچوونی ڕێوشوینەکانی دادگاییکردنەکە و ڕەچاوی بارودۆخی کەسی و و پێداویستییە هەنووکەییەکانیان و تەمەن و ڕەگەز و بێ توانایی و ئاستی پێگەیشتنیان بکرێت هەروەها ڕێزی تەواو لە سەلامەتی جەستەیی و ئەقڵیی و دەروونییان بگیرێت) .
- مادەی (11) کە تێیدا هاتووە ( پێویستە هەموو منداڵێك وەك تاکێك مامەڵەی لەگەڵ بکرێت کە پێداویستی و هەست و ئارەزووی تایبەتی خۆی هەیە).

.مادەی (12) کە تێیدا هاتووە ( پێویستە دەستێوەردان لە ژیانی تایبەتی منداڵ سنوردار بێت لە نزمترین ئاستی پێویستیدا بێت لەهەمان کاتدا لەگەڵ پابەندبوون بە پێوەرە باڵاکانەوە بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەی پێویست بەو ئامانجەی کە ڕێوشوێنەکانی دادگا دەرەنجامی دادپەروەرانە و ڕەوایان لێبکەوێتەوە).

- مادەی (13) کە تێیدا هاتووە (بە مەبەستی دوورخستنەوەی زیاتری منداڵ لە هەڵگرتنی سەختی و نەهامەتی پێویستە ئەو کەسانەی چاوپێکەوتن و پشکنین بۆ منداڵان ئەنجامدەدەن کەسانی پیشەیی و ڕاهێنراوبن کاری چاوپێکەوتن لەگەڵ منداڵ و پشکنینەکانیان ئەنجامبدەن و بەو پەڕی هەستیاری ڕێزو تواناوە هەڵسوکەوت بکەن ).

7- **کۆمێنیتی گشتی ژمارە 10 – مافەکانی منداڵ لە دادوەری نەوجەوانان** کە لە( لیژنەی مافەکانی منداڵ - 2007) دەرچووە و تێیدا هاتووە (بۆ باشترکردنی بەڕێوەبردنی کاروباری دادوەری نەوجەوانان زۆر گرنگە سەرجەم کارمەندانی پەیوەندیدار لەنێویاندا فەرمانبەرانی جێبەجێکەری یاسا و دەزگای دادوەریی ڕاهێنانی گونجاویان لەبارەی ناوەڕۆکی حوکمەکانی ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ و مانا گشتییەکەی پێبکرێت، بە تایبەت ئەو حوکمانەی کە پەیوەندیدارن بە کاری ڕۆژانەیانەوە، پێویستە ڕێکخستنی ئەو ڕاهێنانە لەسەرشێوازی پرۆگراماتیکی بەردەوام بێت و تەنها لە ناساندنی حوکمە یاساییە نیشتمانی و

HEARTLAND ALLIANCE INTERNATIONAL

نێودەوڵەتیەکاندا کورتنەکرێتەوە، پێویستە چەندین زانیاری لە خۆبگرێت دەربارەی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان و هۆکارە جیاوازەکانی دیکەی لادانی نەوجەوانان و لایەنە دەروونیەکان و لایەنەکانی دیکەی گەشەی منداڵ و گرنگیدانی تایبەت بە کچان و منداڵانی کەمینەکان).

## دووەم: چوارچێوەی یاسای نیشتمانی:

- لەم بەشەدا ئاماژە بە گرنگترین ئەو پرەنسیپانە دەدرێت کە لە هەندێ لە یاسا نیشتمانیەکانی تایبەت بە نەوجەوانانی لادەردا هاتووە، ئەوەش بە ئامانجی وەبیرهێنانەوەی کارمەندانی پۆلیس کە لە بواری نەوجەواناندا کاردەکەن هەروەها پێویستی ڕەچاوکردنی ئەو پرەنسیپانە لە کاتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ نەوجەوانانی لادەر .

### 1- دەستوری هەمیشەیی عێراق بۆ ساڵی 2005 کە ئەم خاڵە گرنگانەی تایبەت بە نەوجەونان تێدا هاتووە:

- مادەی (19/پێنجەم) کە تێیدا هاتووە ( تۆمەتبار بێتاوانە تا ئەو کاتەی لە دادگایەکی یاسایی دادپەروەرانەدا تۆمەتەکەی دەسەلمێندرێت، تۆمەتبار دوای ئازادکردنی جارێکی تر دووبارە لەسەر هەمان تۆمەت دادگایی ناکرێتەوە تەنها لە حاڵەتی دەرکەوتنی بەڵگەی نوێدا نەبێت.).
- مادەی (30 / یەکەم) کە تێیدا هاتووە (دەوڵەت بۆ تاك و خێزان بە تایبەت بۆ ژن و منداڵ دەستەبەری کۆمەڵایەتی و تەندروستی و بنەما سەرەکییەکانی ژیانێکی ئازاد و شکۆدارانە دابین دەکات و داهات و شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاویان بۆ دابین دەکات).

-مادەی (37/ یەکەم و سێیەم) کە تێیدا هاتووە ( هەمو جۆرە ئەشکەنجەدانێکی دەروونی و جەستەیی و مامەڵەی نامرۆڤانە قەدەغەیە وهەرجۆرە دانپێدانانێك کە بە زۆرە ملێ وهەرەشە وئەشکەنجەدان وەرگیرابێت هیچ بەهایەکی نییە و کەسی زیان بەرکەوتوو بەگوێرەی یاسا مافی ئەوەی هەیە داوای قەرەبووی ماددی و مەعنەویی بکات).

### 2- یاسای چاودێریی نەوجەوانان ژمارە (76) بۆ ساڵی (1983)کە ئەمانەی خوارەوەی تێدا هاتووە : مادەی 23 کە تێیدا هاتووە:

- (یەکەم : پۆلیسی نەوجەوانان کاری گەڕان بە دوای منداڵی ونبوو و هەڵاتوو لە ماڵ و پشتگوێخراو ئەنجامدەدات و ئەو نەوجەوانانەش دەدۆزێتەوە کە ئەگەری لادانیان هەیە لەو شوێنانەی کە نەوجەوانیان لێ کۆدەبێتەوە وەك قاوەخانەکان و مەیخانەکان و خانەکانی سەما و هۆڵەکانی سینەما لە درەنگانی شەودا.

HEARTLAND ALLIANCE INTERNATIONAL

- دووەم پێویستە پۆلیسی نەوجەوانان، منداڵ یا نەوجەوان بگەڕێنێتەوە بۆ لای خێزانەکانیان کاتێک دەیاندۆزنەوە لەوجێگایانەی کە بەرەو لادانیان دەبەن).

- -مادەی (24) کە تێیدا بەدەق هاتووە:
- یەکەم : منداڵ یا نەوجەوان بە پەرتەوازە دادەنرێت ئەگەر:

ا – لە شوێنە گشتیەکان وەک سواڵکەر بەدیکرا یان بە ئەنقەست خۆی بە بریندار یان کەمئەندام پیشاندا یاخود هانای بۆ فێڵکردن برد بۆ ڕاکێشانی سۆزی خەڵک بە مەبەستی سواڵکردن.

ب – کاری بۆیاخکردنی پێڵاو یاخود فرۆشتنی جگەرە یا هەر کارێکی دیکە کە دووچاری تاوانی بچووکی دەکات و تەمەنی لە ١٥ ساڵ کەمتر بوو.

جـ- شوێنی نیشتەجێی دیاریکراوی نەبوو یاخود شوێنە گشتیەکانی بۆ مانەوە بەکارهێنا.

د – ئەگەر هۆیەکی ڕێگەپێدراوی نەبوو بۆ دابینکردنی ژیان و گوزەران یاخود بەخێوکەر یان سەرپەرشتیاری نەبوو.

هـ - بەبێ هۆکار ماڵەوە یان ئەو شوێنەی بەجێهێشت کە تێیدا دانرابوو بە بێ بوونی پاساوێکی گونجاو.

- دووەم:ئەگەر هەر کارێک یان پیشەیەکی ئەنجامدا لەگەڵ کەسانی بێگانە یاخود لە دەرەوەی خێزانەکەی. .
  - مادەی (25) کە تێیدا بە دەق هاتووە :
  - منداڵ یا نەوجەوان بە لادەرلە ڕەفتار دادەنرێت ئەگەر:
  - یەکەم : لە شوێنەکانی لەشفرۆشیی و قومارخانە یان یانەکانی خواردنەوە کاربکات.
  - دووەم : ئەگەر تێکەڵاو بێت لەگەڵ منداڵانی پەرتەوازە یاخود بەدڕەفتار.
  - سێیەم : ئەگەر لە سەرپەرشتیارەکەی یان خێزانەکەی هەڵگەڕایەوە.
- -مادەی (26) کە تێیدا هاتووە:

- ئەگەر منداڵ یا نەوجەوان لە چوارچێوەی هەردوو مادەی (24 /25)ی ئەم یاسایەدا هاتوون بەدیکرا ئەوا دادوەری لێکۆڵینەوە ڕەوانەی دادگای نەوجەوانانی دەکات و ئەویش لەلایەن خۆیەوە دوای بەدەست گەیشتنی ڕاپۆرتی توێژینەوەی کەسێتی بڕیاری کۆتایی خۆی دەردەکات بە بە گوێرەی ئەمانەی لای خوارەوە:
- یەکەم / أ – ڕادەستکردنی منداڵ یا نەوجەوان بە دایك و باوکی بۆ ئەوەی ڕاسپاردەکانی دادگا جێبەجێ بکەن ئەوەش لەبەر ڕۆشنایی ڕاپۆرتی توێژەنەوەی کەسێتی بۆ دڵنیابوون لە پەروەدە ورەفتاری باش بەپێی بەڵێننامەیەکی دارایی گونجاو.

ب- ڕادەستکردنی منداڵ یان نەوجەوان لە حاڵەتی نەبوونی دایك و باوك یان بەخێوکەر یاخود لە کاتی پێشێلکردنی ئەو بەڵێننامەیەی کە لە بەندی (أ) لە برگەی یەکی ئەم مادەیەدا هاتووە ئەوا منداڵ یا نەوجەوان ڕادەستی خزمێکی باش دەکرێت لەسەر داوای خۆی بۆ ئەوەی ڕاسپاردەکانی دادگا جێبەجێ بکات ئەوەش لە

بەر ڕۆشنایی ڕاپۆرتی توێژینەوەی کەسێتی بۆ دڵنیابوون لە باشی پەروەردە و ڕەفتاری بەپێی بەڵێننامەیەکی دارایی گونجاو.

جـ -دادگا بۆی هەیە بڕیاربدات بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەڵێننامەیە بکات کە لە هەردوو بەندی (أ / ب)دا هاتووە لە ڕێگەی چاودێریی ڕەفتارەوە.

- دووەم: ئەگەر سەرپەرشیار یا خزمە نزیکەکە مەرجەکانی بەڵێننامەی ڕادەستکردنەوەی منداڵ یان نەوجەوانەکەی پێشێلکرد ئەوا پێویستە دادگا ئەم بڕیارانەی لای خوارەوە بدات:

أ-دەبێت بەڵێندەر بڕی پارەی ناو بەڵێننامەکە هەمووی یان بەشێکی بدات.

ب-دانانی منداڵ یا نەوجەوان لە خانە تایبەتەکانی حکومەتەوە کە لە یاسای چاودێریی کۆمەڵایەتیدا هاتوون یاخود هەر خانەیەکی کۆمەڵایەتی دیکە کە بۆ ئەم مەبەستە دامەزرا بێت.

- سێیەم : ئەگەر دادگا نەیتوانی منداڵ یا نەوجەوان بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (یەکەم) لەم مادەیە ڕادەست بکات ئەوا حوکمەکانی بەندی (ب) لە بڕگەی (دووەم) جێبەجێ دەکات.
- چوارەم : ئەگەر منداڵ یا نەوجەوانی پەرتەوازە حاڵەتی دواکەوتوویی ژیری هەبێت ئەوا پێویستە دادگای نەوجەوانان بڕیار بدات بە ڕەوانەکردنی بۆ یەکێك لە دامەزراوە تەندروستی یاخود کۆمەڵایەتییەکان کە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکراون.

- -دیاریکردنی تەمەنی لێپرسینەوەی یاسایی بۆ ئەو کەسانەی کە تەمەنی 9 ساڵییان تەواوکردووە ئەوەش بەپێی مادەی (3/ دووەم) لە یاسای چاودێریی نەوجەوانان ژمارە 76 بۆ ساڵی 1983 . لە هەرێمی کوردستانیش پەرلەمانی هەرێمی کوردستان یاسای ژمارە 14ی ساڵی2001 ی دەرکرد و بەپێی ئەو یاسایە بەرپرسیارێتیی تاوانکاریی هەموارکراوە بۆ 11 ساڵ.
- - نابێت نەوجەوانان لەگەڵ گەوران دابنرێن یاخود ڕاگرتنیان لە هەمان شوێنی ڕاگرتووانی گەوران بێت ئەوەش بەپێی مادەی 52/ سێیەم.
- -پاراستنی نەوجەوان لە لادان ئەوەش لە ڕێگەی ئاشکراکردنی پێشوەخت بۆ ئەونەوجەوانانەی دوچاری لادان دەبنەوە بەپێی ماددەی 16 لە یاسای چاودێری نەوجەوانان.
- -مادەی (48) پۆلیسی نەوجەوانان بە (پۆلیسی تایبەتمەند) لەقەڵەم دەدات دیارترین ئەرکەکانیان ئەمانەی لای خوارەوەن:
  - ئامادەکردنی نەوجەوان لە کاتی دەستگیرکردنی بۆ بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە یاخود دادگای نەوجەوانان.
  - وەرگرتنی نەوجەوانانی دەستگیرکراو لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی دیکەوەوە دەستبەجێ و بەبێ دواکەوتن.

**3- یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111 بۆ ساڵی 1969 و هەموارەکانی:**

ئەم یاسایە لە ماددەکانی ( 66 – 79) دا چەندین حوکمی تایبەت بە نەوجەوانان لە خۆدەگرێت کە دادەنرێن بە کۆمەڵێک مادەی پەیوەندیدار بە یاسای چاودێریی نەوجەوانانی ژمارە (76) بۆ ساڵی 1983.

**4- یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی ژمارە 23 بۆ ساڵی 1971 و هەموارەکانی:**

ئەم یاسایە لە بەندی دووەم (نەوجەوانان‌دا) لە ماددەکانی (233 – 242 ) دا باس لەو حوکمانە دەکات کە پەیوەندیدارن بە داواکانی نەوجەوانانەوە.

HEARTLAND ALLIANCE INTERNATIONAL

## پاشکۆی سێیەم:

## کلێشەی فۆرمی سکاڵانامەی نەوجەوانان